کۆمەڵە شیعر

# شەپۆلەکانی پێش تۆفان

کاوە ئەحمەدی (ژاکاو)

- کۆمەڵە شیعر: شەپۆلەکانی پێش تۆفان

- کاوە ئەحمەدی (ژاکاو)

- چاپی یەکەم ، ساڵی ۲۰۱۷

ژمارەی چاپ: ۰-۰۱٤-۷٦۱۱-۹۱-۹۷۸

*... بۆیە لە هەر وڵاتێکا*
*خۆشەویستی پاوانکرابێ*
*بە قەد خۆشەویستی تووڕەم!*

**ناوەرۆک:**


| | |
|---|---|
| ١- پێشەکی | ٧ |
| ٢- چەند وشەیەک | ٩ |
| ٣- دەردی ژن بوون | ١٣ |
| ٤- بۆکام توێژوچینی کۆمەڵ؟ | ١٧ |
| ٥- کارەساتیکی بێ سنور | ٢٠ |
| ٦- شەپۆلەکانی پێش تۆفان | ٢٣ |
| ٧- بکوژانی دوعا کێ بوون؟ | ٢٧ |
| ٨- گۆرانی کۆن ناڵێمەوە | ٣١ |
| ٩- بۆنووسەرانی ئاسیایی و ئەفریقایی | ٣٣ |
| ١٠- لە پاش تەزین جا ڕاخزین | ٣٥ |
| ١١- تا هەردووکمان نەبینە یەك | ٣٩ |
| ١٢- کۆبانێ و بڕوا بە خۆبوون | ٤٢ |
| ١٣- هێرۆشیمای کوردستان وتاوانێ تر | ٤٤ |
| ١٤- بۆچی هێندە دڵڕەقی؟ | ٤٧ |
| ١٥- لە کێبرکێ مانەوە دا | ٤٩ |
| ١٦- کاتێك زانیم دژی پەچەی | ٥٢ |
| ١٧- رێگە گەرچی سەخت ودوورە | ٥٣ |
| ١٨- شەوگاری ڕەش | ٥٤ |
| ١٩- لە هەوەڵ ئەوینی ژینا | ٥٦ |
| ٢٠- کاتێك دڵی شێعریان سوتاند | ٥٧ |
| ٢١- تووڕەم | ٥٩ |
| ٢٢- ناچم بۆکار | ٦٢ |
| ٢٣- کۆیلەکانی دێموکراسی ومودێرنیزم کێن وچەندن؟ | ٦٤ |
| ٢٤- لە سەدەی هەوسارپچڕاوا | ٦٨ |
| ٢٥- دووپەپوولەی دڵی شەمێك | ٧٢ |
| ٢٦- کوبانێ ورەمزی سەرکەوتن | ٧٥ |
| ٢٧- بیرکردنەوەی چینایەتی و لە گژ نایەکسانی ڕاچوون | ٧٧ |
| ٢٨- بانگەوازێکی بەجێ بوو | ٧٩ |
| ٢٩- بە ڕاپەڕینی ڕەنجدەران دیکتاتۆرەکان هەڵاتن | ٨٢ |
| ٣٠- بەڵام عەشق | ٨٥ |

٣١- لە ناو دوو بەرداشی شەڕدا ٨٧
٣٢- ژین لە دەروازەی ئازاردا ٩٠
٣٣- لە گۆشە نیگای جوانیتا ٩٤
٣٤- چراخانی ڕەزا و ڕەغبەت ٩٦
٣٥- نەوەکانی هیتلێر کامەن؟ ٩٨
٣٦- ڕۆڵەم بەیان ١٠١
٣٧- لە تاریکستانی بیردا ١٠٣
٣٨- تۆ سەمفۆنیای عەشقێکی بێ کۆتایی ١٠٥
٣٩- بۆ خۆشەویستی تاوانە ١٠٧
٤٠- مـەرگێکی تاڵ ١١٠
٤١- فێرگەی ئەوێنە مەهاباد ١١٣
٤٢- بە کام وشە بەیانی کەم؟ ١١٤
٤٣- نەوەکانی فاشیزمی نوێ ١١٦
٤٤- ئەوەی دژی کرنۆش ویستاو لە پێناوی خۆشەویستی گیانی دانا ١١٩
٤٥- بە وردی وپڕبە پڕ ١٢٢
٤٦- وتووێژ لە گەڵ ڕۆژگاردا ١٢٣
٤٧- دەنگی زەنگی خۆشەویستی ١٢٦

## پێشەکی

کۆمەڵە شـــیعری "شـــەپۆلەکـانی پێش تۆفـان" یەکەم بەرهەمی چاپکراوی "ژاکاو"ی شـاعیرە. کاوە ئەحمەدی ناسـراو بە "ژاکاو"، شـــاعیری زەحمەتکێشـــان و هەژارانە و شـــیعرەکانی رەنگدانەوەی هەست و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری، بێبەشی، نابەرابەری و زولم و زۆری چینی بندەستی کۆمەڵگایە.
ژیانی شـــیعریی ژاکاو تا بە ئەمرۆ ســـێ دەورەی بەخۆیەوە بینیوە. دەورەی یەکەم، ســـەردەمی پێش رووخانی شـــا و پێشـــمەرگایەتییە. دەورەی دووهەم، سەردەمی پێشمەرگایەتی و چوونی بۆ ئەورووپایە. دەورەی سێهەم، سەردەمی ژیانی شاعیر لە ئەورووپایە.

یەکەم ئاشــنایی من لە گەڵ کاوە و شــیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ٥٩ ی هەتــاویی (٨٠ ی زایینیی) و ســـەرەتــای ســـەردەمی پێشـمەرگایەتی. شـیعرەکانی ئەوسـای ژاکاو، شـیعر بە شـێوەی کۆن واتە عورووزی بوون. ئەو شـــیعرانە، منی دەخســـتەوە بیری شیعرەکانی مەلا ئاوارە و تا ڕادەیەکیش قانع. زمانی شیعرەکان سادە بوون و لەوبــارەوە نزیکتر بوو لە مەلا ئــاوارە بەلام لە بــاری ناوەرۆکەوە لایەنگیرتر و رادیکالتر بوون و لەو ڕووەوە نزیکتر بوو لە قانع. شـــیعرەکانی ئەو دەورەیە لە ژیانی پڕ لە چەرمەســـەری و هەژاری خەڵـک دەدوان و دژ بە کۆنەپەرســـتی و دەمـارگیری و خەرفاندنی ئایینی دەوەستانەوە.
لە دەورەی دووهەمدا شـــیعرەکـانی ژاکـاو وردە وردە گۆڕینیـان بە سەردا هات هەم لە شێوە و هەم لە ناوەرۆکدا. لەو سەردەمەدا بوو کە شـاعیر دەستی کرد بە نووسینی شیعری نوێ. لە ڕووی ناوەرۆکیش شـیعرەکان بە ئاشـکرا گۆڕینیان بە سـەرداهات و مایەی شـیعرەکان زیـاتر لە جاران بوون بە مەســـەلەی ژیـان و خەبـاتی کرێکـاری و پێشمەرگانە.
بەداخەوە هەموو شـــیعرەکانی دەورەی یەکەم و بەشـــی هەرە زۆری

شیعرەکانی دەورەی دوو هەمیش، بێجگە لە چەند پارچە شیعرێک، لە ڕووداوێکی نەخوازراو لە کوردســـتانی عیراقدا کەوتنە بەر لرفەی ئاگر و تێداچوون.
ئەوەی کە لەم دیوانە شـــیعرەدا دەیخوێننەوە، بەشـــی هەرەزۆری شـیعری دەورەی سـێهەمی ژیانی شـیعری شـاعیرن، واتە سـەردەمی پەرەوازە بوون و ژیـان لە ئەورووپـا کە دەگەڕێتەوە دوای شـــەڕی کەنداو لە ســـەرەتای نەوەدەکاندا. شـــیعرەکانی ئەم دەورەیە بێجگە لە چەند شیعر هەمووی شیعری نوێن. شیعرەکان وەک جاران لە خەبات دەدوێن و هەوڵدەدەن بۆئەوەی خوێنەر هان بدەن بۆ بەدەربەسـتبوون، بۆ بەرەنگـاربوونەوە دژ بـە چەوســـانەوە و فریوبـازی دەســـەلاتی سەرمایەداری، بۆ لەقاودانی کۆنەپەرستی و زاتی دژە ئینسانی ئایین، بۆ هەنگاوهەڵێنان بەرەو دنیایەکی شـــایانی مرۆڤ، بۆ خولقاندنی دنیایەکی یەکسان بۆ ژن و پیاو و ئینسان بە گشتی.
شـــیعرەکانی ژاکاو لایەنگرن و دڵیان بۆ کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاری کۆمەڵ لێدەدا. زۆر کەس دەڵێت کە شـــیعر و ســـیاســـەت یەکناگرنەوە. بە بڕوای من شیعر وا بە ئاسانی ناتوانرێ لە سیاسەت جیابکرێتەوە. شـــیعر کاتێک لە ژیان بدوێ و دژ بە چەوســـانەوەی مرۆڤ ڕابوەستێتەوە، دەبێ بە سیاسـی. دیارە سیاسەت شیعر نییە و شیعر لە مەیدانی هەستی مرۆڤدا هەڵدەسووڕێ. بەڵام هەر شیعرێکی بەدەربەســت و هەڵوێســتگر لەم نیزامە گەندەڵەدا دەبێتە ســیاســی. زۆربەی شیعرەکانی کاوەش لەو خانەدا دەگونجێن.

هیوادارم دەرچوونی یەکەم دیوانی شـــیعریی کاوە، ببێتە ســـەرەتای دەورەیەکی تازە لە بەرهەمی شـیعریی، بە شـیعری لەوەش جوانتر و بەدەربەستتر و بەپێزتر.

سلیمان قاسمیانی
٢٠١٦-١٢-٢٢

## چەند وشەیەک

چاوخشاندن بەسەرمێژووی پڕلەهەڵسوکەوتی منی بەساڵاچوو نە هێندە سووک و سانە و ڕابردووم لێواولێوە لە هەڵچوون وداچوون، بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە تا هاتووە گەشبینتر و دووربینتر بۆتەوەو لەگەڵ داوەڵی فریو و نەریتی دواکەوتوانە دەست و پەنجەی نەرم کردووەو دڕی بە بۆچوونی کۆنەپەرستانە داوە وهەنگاوی بەرەودنیایەکی یەکسان وبێ چەوسانەوە ناوە وتوانیویەتی لە ئاخرین قۆناخەکانی ژیانیدا بەفیربوون لە سەرچاوەیەکی زوڵاڵی بیری تازەدا، باڵ ڕاهاوێ و لە عانقاستی چەوسێنەرانی چاوچنۆکا، چۆک دانەدا و لەدژی بورژوازی چ لە ناوەوە وچ لە دەرەوەدا هۆنراوەکانم وەڵامی خێرایان هەبووە و لەقاوی داون.
قۆناخی شێعرەکانم دەکرێت بە سێ بەشەوە، یەکەمیان دەگەڕیتەوە بۆ تەمەنی بیستساڵیم کە یەکجارشەیدای شێعرەکانی ماموستا قانیع بووم وئەوان بوون کە وەڵامدەرەوەی ویست و هەستی ئەوکاتم بوون وهەوێنی داڕشتنی شێعریان لەمندا خۆڵقاند. هەرلەوکاتەشدا شێعرەکانی پڕ لە پێزوچێژی شاعری هێژاحافزی شیرازی میوانی بێ بڕانەوەم بوون و ئاورشێنی دڵمیان دەکردوهاوڕێم بوون، لەو کات و ساتانەشدا ئەوین وخۆشەویستی هەموو گیانمی داگرتبوو ودابونەریتی کۆنیش ڕێگرو لەمپەر بوون.
من لەو گیرودارەدا زیندانی ئەو بیروبۆچوونە بووم ومەزهەب بە تەواویی جەستەمی داگیرکردبوو و دەرەتانی لی بڕیبووم. دیارە هۆنراوەکانی ئەوکاتم ئەو ڕەنگدانەوەیان تیدابوو. بە داخەوە بە هۆی هاتنم بۆ ئەوروپا و بەجێ مانیان لە کوردستان کەوتنە بەرلێشاوی تێداچوون، کە لەهۆنراوەیەک بە نێوی "کاتێک دڵی شێعریان سووتاند" ناوەرۆکی تێداچوونەکەم گێڕاوەتەوە وداومەتە بەر ڕەخنە، نە تەنیا هۆنراوەکانی دڵداری بەڵکو کۆمەڵێکی یەکجار زۆرهی سێ دەیە لە جیهانی شێعریمیان سووتاندن و بوونە خۆڵەمێشی بێ سوتەمەر و سەریان نایەوە، کە تەنیا هێندێکی زۆرکەم لە ناوەکانیان لەبیرم ماون وەک "خەنەبەندان، زاواوبووک، ترغەی بەرز و

پڵاوچێشتی ئەو عەسرە". ئەوانە و زۆری ترهی دەورانی لاوێتی و ئەویندارییم، ئەوانیتر وەک "بلشویزمی سەدەی بیستەم، پەنجاو نۆ گوڵاڵەسوورەی مەهاباد، بژی حیزبی کومونیستی ئێران" و چەندین هۆنراوەی ترکە بەبۆنەی جۆراوجۆرگوترابوون کە ئاماژەم پێکردن، کەوتنەبەر دارِمان و تیاچوون.
قۆناخی دووهەمی شێعریم پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە دژ بە رژیمی گەندەڵی پاشایەتی و تێکرووخانی ئەو مۆتەکەی زوڵم و زۆرە و هاتنە سەر کاری رژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی وئاخوندیسم بە گشتی ودیاردە رەشەکانی ئەو ئاپارتایدە جینسییە وبەربەرییەتەیە.
لەو قۆناخەدا ئەو ژانی بیری کۆنەم بە دیتنەوەی کۆمەڵە و ڕێبازی روون و ڕادیکاڵ و ڕاستییەکانی ناو جەماوەری ڕەنجدەر و زەحمەتکێشا ئاوێتەی شێعرەکانم بوون ودونیایەکی دیکەی کراوە و زیندووی بۆهێنامە ئاراوە، کە بیچمێکی نوێتر لە شێعرەکانم بێتە کایەوە و لە پێچ و شێوەی کۆن بترازێم و بچمە جیهانی شێعری نوێ و لە دەروونی بەشەمەینەتانەوە بۆچینی خوڵقێنەرو داهێنەربهۆنمەوە وهەرچی لە دژی ئەوانە لە هەر جل وبەرگێکدا بێت لە قاوی دەم و بیناسێنم.
قۆناخی سێهەم ژیانێکیتر و مەیدانێکیترە، کە لە هاتن بۆ ئەوروپا گەرای گرت وهەر لە ئەویشدا قروقپی نیشتە باڵای شێعریم و کڕ کەوتم.
هاورێ ئەحمدبازگری شاعیریش هەرئەو وەستانەی بەسەرداهات، کە تووشی هاتم لێی پرسیم، بۆم گێڕایەوە کە ئەوهێڵەی ژینە و ئەو ئاڵوگۆڕە کاتییەو هەلی هەڵدانەوە و بووژانەوە دێتەوەو سەردەداتەوە. نزیک بەساڵێک ئەو کڕوکپییە هاونشینم بوو، لە پڕێکا گەڕایەو دەستم دایە جۆرێکی تر لەهۆنراوەی ئەو چاخەیە کە تا ئێستا هەر درێژەی هەیەو زۆرسووژەی جۆراوجۆرهانیان داوم و بوونە هۆی خوڵقاندنی فرە بابەتی تازەی ناو ئەوروپا و دێموکراسییەکەی کە چی تیدایە و بۆکوێ دەچێ وچی ئەپێکێ و بۆ کێیە؟

ئەوەی ئاماژەم پێکرد دڵۆپێکە لە دەریایەک کە هەر کام لەو قۆناخبەندییانە زۆر ئاوهەڵگرە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی لەو

کورتەباسەدا ناگونجێ وپێویستە لە دیوانی داهاتووی شێعرەکانمدا بە تێروتەسەلی لێیان بدوێم و بیانخەمە بەردەستی خوێنەران.
ئازیزان، جەوهیل گوتەنی ئەوەی کە من لە کوێ لە دایک بووم و خەڵکی کام وڵاتم هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی نییە وبۆ پێهەڵگوتن نابێ، لە هەرجێییەک ژانێک، ڕەنجدەرێک ئازار بدا، لە جەستەی منیش دەدا و، لەهەر شوێنێک چەوسانەوە لەئارادابێ دژی دەوەستم. بۆ جیهانی بێ چەوسانەوە و بەرابەر وکرێکاری، شێلگیرانە دەچمە پێش و هەنگاو دەنێم تا سەرکەوتن.

کاوە ئەحمدی (ژاکاو)
یۆتێبۆری، سوێد ٢٤-٢-٢٠١٦

# دەردی ژن بوون

هۆ ئەوانەی لە بوونتاندا
تووشی چەوسانەوە هاتوون
هۆ ئەوانەی لە ژیانتاندا
بە چەرمەسەری ڕاهاتوون
هۆ ئەوانەی جارێك، دەمێك
کەوتوونە بەرهاڕینی کار
هۆ ئەوانەی ڕۆژێك، شەوێك
چێشتووتانە تەمی ئازار
هۆ ئەوانەی مێشك و بیرتان
کراوەیە و دوورئەبینن
هۆ ئەوانەی پڕبەپڕا
بۆ بەشمەینەتان پەرژینن
هۆ ئەوانەی مرۆڤ دۆستی
ڕاستەقینەی بندەستانن
هۆ ئەوانەی بۆ ڕزگاری
پشوودرێژی بێ وێستانن
گوێ بگرن لێم گشت ئەوانەی
ئاماژەم کرد بۆ هەست جووڵان
گوێ بگرن لێم بەتێکڕایی
بۆ ڕێگاچارە و دەرەتان

دەزانن ژن لە مێژوویدا
چەندە دەرد و ژانی دیوە
بۆ ڕزگاری لە کۆت و بەند
تێکۆشاوە و نەبەزیوە
خۆ سروشتیش لە بنەڕەتا
چەرمەسەری پێ چێشتووە
گەر وردبینانە تێفکرین
لە ژمار نایە کە چەند بووە
ئێستاکەش لە دونیای مودێرن
سەرقافڵەی گشت مەرگ ومیرە
دەستەچیلەی سووتمانی شەڕ
لە جەستەی ئەواندا گیرە
ژن و منداڵ دوو سەرچاوەن
کە بەرهەمهێنەری ژینن
کەچی لە دەست سەرمایە و کار
زۆرترین قوربانی ئەبینن
بنەمای ئەو تێکهاڕینە
سەرمایەداری دڵڕەقە
کە بۆ کالاکردنی ژن
چاوچنۆکێکی زۆر زەقە
نیوەی کۆمەڵگای ئینسانی
لە سەر شانی ژن دانراوە
بێ بەشداری ئەو نیوەیە
ڕزگاربوون خەیاڵی خاوە
لە گشت ڕاپەرینەکانا
ژن پێشڕەوی گیان لەمشتن
دژی چەوسینەر و زۆردار
قورس وقایم ڕادەوەستن

خوازیاری ژیانی یەکسانن
دژی دیاردەی چەوسانەوەن
بۆ نەمانی هەڵاواردن
ڕێبواری بێ گەڕانەوەن
لە بەهاری عەرەبیشدا
بوشڕاکانی (*) یەمەنتان دین
کە دژ بە دیکتاتۆرەکان
چاونەترسانە ڕاپەڕین
لە ئێرانی بەربەرییەتی ئیسلامیش
ژن دژی کۆنەپەرستی و یاساکانی
سەربەستانە و بوێرانە خەبات ئەکا
بۆ ئازادی ولابردنی هەڵاواردن، بۆ یەکسانی
لە زیندانیش لە گژ جلادەکانیدا ڕائەپەڕێ و
لە سەرماف و ویستەکانی لە مەرگ سڵ ناکاتەوە
بە مانگرتن لە خواردن و شێوەتری بەرهەڵستی
بە دەنگی ئیعتیرازی خۆی وەڵامی دژی ئینسانی
خوێنمژانی ئەداتەوە
ژن لە هەموو خرۆشان و ڕاپەڕینی ناوشەقامی ئیعتیرازا
لە ڕێزی پێشەوە دایە و دروشمی یەکسانیخوازی ئەڵێتەوە
ئەوان مەشەخڵداری ڕێگای تا سەرکەوتن نەکشانەوەن
بۆیە شێوەی خەباتی نوێی لە گەڵ چینی کرێکارا گەشاوەترئەکرێتەوە
دەردی ژن بوون لە ناو گەرووی "نێدا"کانا
هاوارێکی بێپسانەوەی پەنگخواردوویە
کە بۆ تێکرووخانی قەڵای پیاوسالاری و هەڵاواردن
ئاسۆی ڕاپەڕینێکی کەی وشیارتری لە ئەستۆیە

دەردی ژن بوون لە هەموو جیهانی کارا
لە فێرگە و مەزرا و کارخانە و کانەکانا

چەوسانەوەی بێ بڕانەوەی ژن و پیاوە
کە بۆ بنەبڕبوونی ئەو یەکانگیری هەردووکیانا
کاتێك هەردووك بەتێکڕایی و بێ ڕاڕایی
بە وشیاری و بە زانیاری زانستی نوێی کرێکاری
بۆ پێچانەوەی زۆرداری و سەرمایەداری ڕاپەڕن
لەو ڕێبازە و لەو ئاسۆیە بەرینە دایە گەیشتن بە ڕزگاری

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٢-١٢-٣٠

(*) بۆشرا، ئەو ژنە شۆڕشگێر و جەسوورە بوو کە لە دژی کۆنەپەرستانی یەمەن، چاونەترسانە هاندەری ژنانی ئەو وڵاتە بوو کە لە دژی هەڵاواردن و نایەکسانی ئیعتراز بکەن و ڕاپەڕن. هەرئەوەش بووە هۆی کوژرانی بە دەست کۆنەپەرستانی حوسی لەو وڵاتەدا، کە ئێستاکە سەراتاسەری ئەو وڵاتەیان نوقمی خوێن و ڕۆژڕەشی کردووە.

# بۆ کام توێژ و چینی کۆمەڵ؟

ئەوەی مێشکی
نەختێک بیری لە گەڵ دابێ
ئەوەی تۆسقاڵێك
ئازاری نالەباری ژینی دیبێ
ئەوەی ئەتۆمێك برسیەتی
دەربەدەری و رووت و ڕەجاڵی ناسی بێ
ئەوەی ڕۆژێك
داسی مەرگی بەکۆمەڵی
هێرۆشیما و هەڵەبجەی کوردی زانی بێ
ئەوەی شەوێك
مناڵانی ڕەشورووتی بێخانە و لانەی
مکزیکی و ئەمریکای لاتینی دیبێ
ئەوەی ئەمجار
لە سەدەیەی بیست ویەکەما
کۆچی گەورەی بەکۆمەڵی کوردستانی
گەرمیان و ماڵ بەکۆڵی خەڵکی رواندا و
کۆشتاری ئەو زێدە بێ ئەنوایانەی لێ ڕوانی بێ
ئەوەی تەنیا ڕێپۆرتاژێك
لە چۆنیەتی دڕندەیی ئەم دواییانەی رووسەکانی
لە چچێنی هاونژادیان
کەم تا کورتێك لێڕوانی بێ

تێئەگا کە ئەم دەهۆڵە زەبەلاحە
کە نازناوی دێموکراسی لێ نووسراوە
بۆ کام توێژ و چینی کۆمەڵ پارسەنگگیرە و
بە کام هەودا و دان و تەڵەی گورگی پیرا
دارێژراوە و سەری گیرە
بەڵام کێیە کە نەزانێ
لە هەر سووچ و قوژبنێکی ئەم دونیایە
بۆ شردنەوە و کپکردنی بەشمەینەتان و ڕەنجدەران
نۆکەرێکی گوێ لەمستی ئەم دەهۆڵە
بۆ ماناکردنەوەی ناخ وناوەرۆکی
ڕابەری گەورەی سەرمایە
مۆرەی شەترنجە لەدەستی سەرمایەدا و
چۆن ئاغاکەی مەیلی بێنێ خولی ئەدا و
ئەیخاتە مل ئەوی ترا لە هەر شوێنێك
سەرهەڵدانێك بەدی بکا لەم دونیایە.
بیری بەرێ بیری بەرێ!
لە چوارقوڕنەی ئەم جیهانە
چاوبخشێنی چی ئەبینی
بیری بەرێ و لێکیدەوە
لە سووچێکی ئەم جیهانە، کۆمەڵ کۆمەڵ
خەڵکی هەژاربۆ کوتێ نان بۆ ڕۆژێ ژین
هەزارهەزار نوقمن لە دەریای برسیەتی و توانەوەدا
بۆ تۆزێ تر مانەوەیان
چاوەڕوانی ئەولای تری بەشەکەی کەن
بۆمانەوە و تێدانەچوون
بەڵام، بەڵام
ئەولای تری ئەم دونیایە
ئەوەی کە سەرمایە و نانی لە دەست دایە
خەروار خەروار
دانەوێڵە و خواردەمەنی و ئەوەی بژیوی گیاندارە

ئەڕژێنێتە ناو دەریاکان
تاکوو زیاترلە عەنباری لێواولێوی گەنم وجۆدا
زێدەبایی مسۆگەرکا
پتر قوڕگی بندەستانی پێ هەڵگڵۆفێ و لاوازترکا
گوێم لێ بگرن
ئەی ئەوانەی قەڵای سەختی زۆردارانیش
بە هێزی ئێوە خوڵقاوە
سەرنج نادەن هەتا ئەو قەڵایە مابێ
چەوسانەوەش بۆ ڕەنجدەر و بۆ خوڵقێنەر
لە کارایە و بنی نایە

یۆتێبۆری، سوێد
١٩٩٥-٤-٢٨

# کارەساتێکی بێ سنوور

یۆتێبۆری ماتەمڕێژە
مەرگی شەست وسێ ئەستێرەی پڕشنگداری
نۆزدە میللە تی جیاوازی یەکانگرتوو
لە باوەشی خۆشەویستی شەتەك داوە
بە کوڵ دەگری
شەوە دونیا کپ وماتە
پۆل پۆل ئەستیرەی ڕەنگاوڕەنگ
دەنگی زەنگی یەکگرتنەوەی
ژوانگەی ژینیان
ئاڵقەئاڵقە لێك ئەهاڵێ
هەنگاوئەنێ و
تازەترین ئەویندارى
ڕاستەقینەی پێکەوەبوون
پێکەوە ژین
پێکەوە چوون
بۆ هەڵپەرکێ وشادی بەخشین
شانەشانە هەڵئەبستێ
گشت لەمپەرێکی دووڕەنگی و هەڵاواردن
تێك ئەشکێنێ
جیهانێکی لێواولێوی خۆشەویستی
دائەڕێژێ و
وشەی سنوور ئەسڕێتەوە.

لە کام بەشی ئەو ئازارە دڵتەزێنە
تابلۆیەکی پڕبەپڕی خۆشەویستی
ئەو ئازیزە خوین گەرمانە
لە قووڵایی دەروونی گشت ئەو دڵانەی
بۆ ئازادی و خۆشەویستی و بەرابەری
بە کردەوە بە پەرۆشن
بهۆنمەوە و ئاماژە کەم
هۆنراوەیەك
کە شایانی ئەو بیرە بەرزەی ئەوان بێ و
دارێژەری تەنیا لویچێك، لە حەز و ئارەزۆکانی
ئەو کۆمەڵە لاوانە بێ
کە لە ناو ئاگر و بڵێسەی تێداچوونیش
دیوارێکی پۆڵایینی
یەکانگیری خۆشەویستییان
دارشت و نەگەڕانەوە
بە شێوەیەك
کە ویست وئارەزۆکانیان
نۆزدە سنووری رووخاندبوون
چەندین نەریتی دواکەوتووی
تووڕ هەڵدابوون لە ئاراوە
شیرازەیەکی بێوێنەی یەکیەتی ناو میللەتانی
بنیادنابوو و
فێرگەیەکی ڕاستەقینەی
خۆشەویستی لێفێربوونی
دواڕۆژێکی تازەی ژینی
بۆ مەمانان لە بڕوانامەی مێژوودا
خوڵقاند و بنچینەی دانا.
هۆ ئەوانەی
بۆ زامی قووڵی ئەوژانە و
دیاردەی ڕەشی ئەو تاوانە

دایك وباوكێكی دڵسۆزی تەم لێ نیشتووی
زیت ووریان
بۆ دۆزینەی گیاكەڵەی
ناو كۆمەڵی ئەم سەدەیە
شارەزان و پشوودرێژن
كامە رێگا ژیرانەیە
كام هەنگاوانە پێویستن
بۆ ساڕێژبوونی ئازار و
بنەبڕبوونی پۆرگێكی
ئاوا قووڵی ڕیشاژۆبوو
لە ناو گیان و ژینی هەموو ئەو كەسانەی
دڵیان چیمكوتی پەژارە و
ڕوونبوونەوەی كارەساتە و
دۆزینەوەی ڕێگاچارە؟

یۆتێبۆری، سوێد
١٩٩٨-١٢-٣٠

# شەپۆلەکانی پێش تۆفان

لە گوشەیەك لەم جیهانە
ئینسانییەت سەری ئەبڕێت
بەڕبەڕییەت حوکم دەکا و
ئازادی ها لە زیندانا
ڕۆژانە بە هەزار رەنگ و شێوە
هەڵئەواسرێ و داخی مەرگی پێ ئەچێژن
هۆویژدانە زیندووەکانی
ناو جیهانی مافی مرۆڤ
چاوتان لێیە کە ئێستاکە
ڕۆژێك نییە شەوێك نییە
کە لە وڵاتی کپ کراوی
مێشکی ویشکی ئاخوندەکان
گشت ئەو بیرە کراوانەی ئەو ناوندە
لە زانکۆکان، لە فێرگەکانی وڵاتا
تەنیا بەوەی کە خوازیاری
مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بوون و
داواکاری ئازادکردنی
زیندانییە سیاسییەکانن
نەکەونە بەر جەزرەبە و گرتن و ئیعدام
ژان نەچێژن
لە ژیر سیبەری مەینەتی

شەوەزەنگ و ڕۆژرەشی دا
کە ئێستاکە لە چوارگۆشەی ئیرانەوە
بۆتە پیخەف و پێخۆری ڕەنجدەرانی
لە بن باڵی ئەو نۆکەرانەی سەرمایە و
تاریکستانی نەزانی ئەوانەوە
بێ پسانەوە خوین ئەباری و
بێ هەژمار و بێ سنووریش
هەرمرۆڤێك لەلێك بڵی و نایەك بێژی
دەکەویتە بەر تەوژمی
هیتلێرئاسای ئەوانەوە و
لە ژیر تیغی فەتوای نوینەرەکانی خوا لە سەرزەوی
ژانی مەرگیان پێ ئەچێژن و
داخی دڵیان پێ ئەڕێژن
بەڵام دەبێ دڵنیابن
کە ئەم خول و گڕەی میژووی
چیمکوتکراوی دڕندەیی و
بێبەزەیی و کوشت و بڕیان
لێوڕێژ بووە و هاکا لە پڕ
ئەو شەپۆلی هەستانەوەی
زانستی نوێی کرێکار و ڕەنجدەرانی
هاوشان لە گەڵ خوێندکاران و
نیوەکەی تری کۆمەڵگا کە ژنانن
گشت چۆمە لێکدابڕاوەکان
سەریەك کەون و ببنە دەریا و ڕایان ماڵن
هەرچی داخی زوڵمی نابێ بە رووی هیزی کریکارا
پۆشاکی مەرگی تاوانیان بۆ ئەدروون و
داری تۆڵە و سزادانیان
بە دەنگێکی هاوبڕیاری
پڕبەپڕ و عادڵانە پێ ئەچیژین
ئەو کاتەیە

کەوا تۆفانێکی تری ڕاپەڕینی
کۆمەڵانی چاوکراوە و پێگەیشتووی داهینەران
ڕێك ئەخات و
بۆ ڕووخان و پێچانەوەی سەرتابەپای
داڵدەکانی دواکەوتوویی و
خڵتەکانی چاخی بەرددا
تیشە لە ریشە ئەکێشی و
لە جێگایدا کۆمەڵگایەکی شیاوی
مەدەنییەت و یەکسانی بونیاد ئەنێ و
خشت لەسەرخشت کۆما ئەکا و
دیوارێکی کۆنکرێتی لێ داڕێژن

ئێستا
سەرەتایەکانی ئەو هەڵچوون و ڕاپەڕینە
لە ژێر تیشکی رووناکایی بزوتنەوەی کریکارا
خۆی ئەنوێنێ و
لە قووڵایی هێزی کار و بۆنەکانی ئەو هێزەیە
وەك ئەیار و هەشتی مارس و بۆنەی ترا
بۆتە ئاسۆ
کە تەنانەت کۆت و بەندیش کپی ناکا و
شەپۆلێکی بەربڵاوی پشتیوانی
بۆ ڕزگاری ڕابەرانی ئەو هێزەیە لە زیندانا
لە ناوەوە و لە دەرەوەی ولاتیشدا دەخوڵقێنێ و
نۆکەران و نەیارانی وردودرشتی
هەرکامەیان بە شێوەیەك
خستۆتە ژێر رکێفەوە و تاساندوونی و
بۆ لە گۆڕنانی سەرجەمی خوێنمژانی
بێ مێزەر و مێزەربەسەری سەرمایە

هەنگاو ئەنێن و ئەچنە پێش
هەتا دەریای پرولیتاری ڕق هەستاو
بەتیکڕایی بئاژوێنن و
دونیایەکی ئازاد و بێچەوسانەوە بخوڵقێنن!

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٨-١-٣

# بكوژانی دوعا كێ بوون؟

كاتيك مرۆڤ چاوكاتەوە
كاتێك ئينسان گشت پەڕاوی
ناو فەرهەنگی ئەو مەڵبندە هەڵداتەوە
لە ناو بڕگەبڕگەی ئەودا
تا چاو هەتەردەكا ژەنگە
تا بيردەكەيتەوە ژانە
تا ورد دەبيتەوە مەنگە
لە بەعشيقەی عەشق كوژراو
كانييەكانی خۆشەويستی
وشك بوون و
تەنيا چۆرێك لە بەزەيی و ئينسانييەت
هەر شك نابەی
پاسەوانانی ئەو گوندەش
وەك بكوژە خوێنمژەكان
داردەستێكی ئەو نەريتەی ناو جەنگەڵن
مێشكيان پڕە لە هاڵاوی دواكەوتوويی
ئەوەی حەزە
لەناو دڵ و دەروونياندا
هەر نامۆيە
چون لە فەرهەنگی ئەوانا
نامووس يەكجارموقەددە سە و
ئينسانييەت لەوێ ونە

تەنیا پیاوە
کە پێوانەی خۆشەویستی دادەڕێژێ
بەڵام بۆ ژن بە دەگمەنیش
ئەوینداری و هەڵبژاردن هەر تاوانە
وشەی شەڕەف دێوەزمەیەکی
دڵڕەقی بێ سنوورە
کە لە ناسنامەی ئەو بیرە بەنجانەدا
تەنیا فەرهەنگی کوشتنە تۆڵەی تاوان
ئەگەرخۆشەویستی
وەکوو تاوان ئاماژە کەن
ئەم سڕینەوەی تاوانەش
لە ناو کۆڕی پیاوسالاری
تەنیا ژنە.

دوعا ئەو چاوگە روونەیە
کە وا لە ژێر زەبروزەنگی
دووسەد گورگی هار و برسی
سەدەی بەردی بیست و یەکا
تەنیا بەوەی کە بۆعەشق
لە دیداری ناودیواری ئەوینداری کۆ ببۆوە
کەوتە بەر سێڵاوی تاڵی مەرگەساتێکی بێوێنە
کە دڵی هەر مرۆڤێکی ئەم جیهانەی هێنا هەژان و
گشت برینی کۆن و تازەی ئەو بە سەدان
جوانەمەرگی هەڵاواردن و دووڕەنگی کولاندەوە.
هەڤدە ساڵ خۆی تەمەنێکی
یەکجار کورتە و
پێوانەکەی لە ناو کاروانی ئەویندا
زۆر ساوایە
ئەو بکوژە دڵبەردانەی
ناو گیاکەڵەی خێڵ وداب و بیری وشك
بە ڕادەیەك نزم و پەستن

که هەر هەستێکی کراوە و بیرێکی نوێ
تووڕی هەڵدەدا و
ئەو بۆچوونەی پێ وەرهەمە
وەرهەمێکی یەکجار قورسە و
هەڵقوڵاوی دیوارێکی دواکەوتوویيە
کە سەرتاپای پارێزەرانی ئێستاکە و ڕابردووشی
هەر ئەو فەرهەنگە گەندەڵە لە موخیانە و
هەرئەو فێرگە و نوێژدانانە
دوعاکانی تێدا بەندن و
پیاوسالاری و ژن کوشتنی تێدا باوە.
هۆ ئەوانەی
لە ژێر تەوژمی ئەوینا
تین و گۆڕتان تێداماوە و
لە بەرانبەر ملهوڕانی
دێموکراسی وفیدڕالیزمی
ئاڵاووالای داگیرکەر و خوێنمژانا
ویژدانی زیندووتان لایە
هۆ ئەوانەی
لە ڕێبازی شۆشگێڕیدا خاراون
دژی هەر کۆسپ و تەگەرێکن
کە لە ئەودا
جیاوازی بیر و بۆچوون و
دین و نەریت و فەرهەنگێك
نابێ ببێتە پێوانەی خۆشەویستی
دوولایەنەی ئەو پێوەندە
ئەگەر زۆرە و ئەگەر کەمە.

دوعا تاقانە کەسێکە
کە لە ڕچەی دڵداریدا
ترۆپکێکی هەرە بەرزی
هەموو عاشقانی هیوا و

حەزەکانی پاوانکراوی خۆشەویستی
لە ژێر لیچی دڕندەترین
مرۆڤ گەلی پیاوەمەزنیدا
لە بن ڕێژنەی بەردەباران
جەستەی سووری هەوەڵ عەشقی
خوێنی لەشە وعەشقی گەشە
کە بۆتە ڕەشترین تابلۆیێ
ئەو گورگە چنگ بەخوێنانەی
فەرهەنگستانی نەزانی خێڵ و عێڵ و
درا بە ڕووی پاڕلمانی تاوانباری کپ و خەوتووی
دڕێژەدەری ئەم جۆرە ڕێبازە نەنگە
نفرەت نفرەت!
گریان چارەی ئەو ئازارە
بێ سنوورە هەرگیز ناکا و
پاڕانەوە و لالانەوەش
ئەو جەنگەڵستانەی مەرگە نابەزێنێ
هەتا ئەو ڕۆژەی کە مەزهەب
بە گشت لق وپۆپ و ڕەگ و ڕیشەکانی
هەتا ئەو ڕۆژەی عەشیرە و خێڵ و عێڵیش
لەگەڵ داب و نەریتی کۆن و گەندەڵا هەڵنەتەکێن
ئەم خۆشەویستیی کوشتنە
چۆن لە بن دێ و ئەسڕێتەوە.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٧-٥-٢١

# گۆرانی کۆن ناڵێمەوە

لە سەر شاشەی نۆتی بیرا
ئاهەنگی کۆن ناڵێمەوە
لە سەر دوندی ژان و ئازار
نابمە ژیلەمۆیەکی کە
بۆ پتر کپبوونی ژینی
بەشمەینەتانی ڕەنج و کار
بە سەر ڕووپەڕەی نوسراوە کۆنەکانی
نووسەرە بورژواکانا
خەت دەکێشم و نایلێمەوە
بیری بەرێ
ئەو گۆرانییە گەمجەڵانەی
ئەو شایەرە زۆرویژانە
هی کام تویژن؟
چی دەڵێن و هی کام کۆڕن؟
چی ئەگۆڕن؟
گۆرانی و سروودەکانی ئەم قۆناغەی
شۆڕشی نوێی خاراوی کار
خوڵقێنەری دونیایەکی
پڕ لە خۆشی و سەربەستیی ژین
بۆ هەموو ئینسانەکانە
بیری بەرێ

ئەو گۆرانییە خوڵقێنەرە
مارشی پێکەوە لکانی
بەشمەینەتانی ئازار و دەرد و ژانە
دژ بە هەرچی بورژوایە و کۆنەپەرست
بۆ ڕامالّین
لە چوارقوڕنەی ئەم جیهانە

ڕانیە، کوردستانی عێراق

## بۆ نووسەرانی ئاسیایی و ئەفریقایی

شێعری نازم حکمت / وەرگێر ژاکاو

براکانم
سەرنج مەدەنە مووی زەردم
من ئاسیاییم
تەماشای چاوە کاڵەکانیشم مەکەن
ئەفریقاییم
لە وڵاتی من دارەکان سێبەری خۆیان هەرناچێژن
هەر وەکوو ولاتی ئێوەن لە چێژتنا
لە وڵاتی من نان لە نێو زاری شێر دایە
لە سەر سەرچاوەی ژینیشدا
ئەژدەها خۆی مەڵاس داوە

دانیشتوانی وڵاتی من
لە پەنجا زیاتر تەمەنیان ناچێتە سەر
هەر وەکو وڵاتی ئێوەن هەم لە تەمەن و لە ژینا
سەرنج مەدەنە مووی زەردم
من ئاسیاییم
تەماشای چاوە کاڵەکانیشم مەکەن
ئەفریقاییم
هەشتا لە سەدی خەڵکانی وڵاتی من
خوێندن و نووسین نازانن
جاهەر بۆیە شیعر لەوێ گۆرانییە و
لە ناو هەردەم و زارێکا دێت و ئەچێ و ئەیڵێنەوە
لە ولاتی ئیمەدا شێعر بۆتە ئاڵا

هێز دەدا بە گا لەغەر و لاوازەکان
کە دڵی زەوی هەڵکێڵن و
تۆوی ژیانەوە لە ناویا ڕیشاژۆکەن
دەبێ بتوانن لە شالیزارەکانیش
بچنە ناو باتڵاخەکان و نەسڵەمێنەوە
هەروەها دەبێ بتوانن لە هەموو شتێك بپرسن
بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕوون
هەنگاو بنێن و
لە سەر ڕێگەی توێژینەوەی راستییەکانیش
قورس و قایم ڕاوستاوبن
وەك ئەو بەردە توندوتۆڵ و مەحکەمانەی
کە لە بست بەبستی خاکا
کیلۆمیترەکان ئەژمێرن شێعری ئێمەن

جا هەر بۆیە دەبێ تیژبینیش بن
لە نزیکترین هەنگاودا
نەیارانیان بناسن و دەستنیشان کەن
زۆر پێویستە لە جەنگەڵی نەزانیشدا
هەروەك ئەوێ تام تامەکانیان (*) سەرکوت کەن
تا ئەو کاتەی دیلێك لە سەر زەوی مابێ
تا ئەو کاتەی ئاسمان هەوری ئەتۆمێکی لە ناودابێ
شێعرەکانی ئێمە ئەبێ
بتوانن هەرچی هەیانە
لە گیان و ماڵ و فیکر دا
لە رێی ئازادی و رزگاری راستەقینەی ئینسانیدا
کۆتا نەیێن.

یۆتێبۆری، سوێد ١٤-٣-٢٠٠٣

* "تام تام": تیرە وتایفەیەکی زۆرخوێنڕێژ و بێبەزەیی بوون و لە نانەوەی ئاژاوە وکوشت و بڕدا، نێوبانگیان دەرکردبوو. هە مووخەلکانی دەور و بەریان چاوترسین کردبوو و لە زەبرو زەنگیان تۆقیبوون.

# له پاش تەزین جا ڕاخزین

گۆمی قووڵی ئەمجارەمان
مەرگ بۆ ژین دەخولْقێنێ
قەلی بەزیو
بە خەیاڵی دابڕینی ڕووبار لە دەریا
لێشاوی مەرگی بەکۆمەڵ بەدی دێنێ
ئەم شەمۆتە مێشك ویشکەی کۆنەی مەزهەب
ماسییەکانی ڕاوەستاوی
مەنگی هەنگی
دونیای تازە ئەتۆقێنێ
کاتێ ئاور بوو بە ئاو و
کاتێ شەو لە هەتاو ئاڵا
کاتێ شەختە هاوینی کوشت
کاتێ شەوەزەنگ
رووناکی
کاتێ سیخوار قەندیلی گرت
بەفری پاری کرد بە شیتاڵ
سیخوڕی کڕی هەڵاتوو
بڕگەی دەریای هەڵئەلووشی
بۆ ئەوەی تۆزێ تربژی و
گۆڕستانێک بێنیتە دی بۆ پێخوسی
هۆ ئاورگەی سووتمانی شەڕ
ئەو پۆلوانە پۆرگی مەرگن
لە مێشکە بۆشەکانتا

ئەو هەتاوە بۆ رووناكین
شەوەزەنگی ئێوە ئەسڕن
لە سەر ڕێگەی هەژاران و
بە پێشوازی سێدارەوە
داری ئازادی ئەڕوێنن
بۆ بندەستانی ئەو گەلە
ئەو هاوینانەی بێ نانان
شەختەكوژی
ساردوسڕی منداڵە ڕوتەڵەكانن
لە زستانی بێبەزەیی
گورگە ئینسانخۆرەكانی
هەڵواردن و دووڕەنگی
لە ئەفریقا و لە ئێرانی ئاخونداوی
تاریكستانی نەزانیی ئەشۆنەوە
ئەو بیرانەی ڕووناكایی
لە ناو باستیلی ئازار و مەرگەساتا
شەوەزەنگی پاش بەزینی
شەڕی سەرمایەی دوولایە لێك هەڵئەدڕن
ئەو پێوەدانەی ماری سڕ
تۆڵەی مێروولە لە بایە
ئەو هەڵلووشینەی بیرانە
ترسی هەڵچوونی دەریایە
ئەو قەپاڵە لێكگرتنە
دوارۆژی ڕوونی لە دوایە
ئەو هاڕینە بێوچانەی
ئەژدەهای هاری ڕاخزیو
بوڕكانی هەڵچوونی تیایە
بەڵام هەیهات هەزار هەیهات
ئەوە زامی بێ هەتوانی
دیوارێكی بێ بنچینەی
تەسك و لەرزۆك و داماوە

بەڵام ئەوە
باوبژێکی بەرگرتنی
ژانی هەورێکی هەستانی
لەنگەرگرتووی پڕشنگداری
مانگەشەوی ڕامالینی زۆردارانە
گوێ ڕابگرن
هەژارانی ڕووت و قووتی هەموو جیهانی ڕەنج و کار
لێرە مانگ کۆمەڵ بە کۆمەڵ
داوێنە سەر سووتمانی شەڕ
لێرە ڕووبار وشك دەکەن
باوەڕ لە گەروودا دەبڕن
بە قانوونی ڕەشی جەنگەڵ
دەکوژن دەبڕن
لێرە هەرچی لەلێك بێژێ، نایەك بڵێ
مێشکی بۆ بەقای سەرمایە ئەپرژێنرێ.
ڕاگەیێنن لە جیهاندا کە لێرەدا
جیا لە باشووری سەرهەڵقەنی
گۆشتخۆری پیری ناوعەبا
مافێکی دیکە بۆ مرۆڤی
ئەم سەدە نایەتە دی
ڕاگەیێنن کە لێرەدا
مشتێك مێشکی کۆنەپەرست
بۆ تۆزێ ترمانەوەیان
دارگوێزەکان، ڕەزی میوە
هەنار و سێوەسوورەکان
توێکڵ دەکەن، ئەبڕنەوە.
دار لقەکانیشی ببڕن
ڕەگەکانی هەڵدەچنەوە!
ڕەز بەروبووشی گەر بچڕن
دیسان میوە دەگرێتەوە
ئەی هەڤاڵان

مەرگی ئێوەی ئازیزانمان
پووشوی قوڕگ و بینەقاقای
سووتمانی گشت دام ودەزگای
گورگە چنگ بەخوێنەکانی ناو کۆمەڵگان
ئەی هەڤاڵان
سێدارەی ئێوە ئازیزان
دەبێتە هێزی پەنگخواردووی
ڕاپەڕینی یەکانگیری هەموولامان
دڵنیابن
هەراوهوریای جەللادەکان سەرناگرێ و
شورشی گەڵ
ئەسپێکی تۆڕە وناگیرێ
تا ڕزگاری یەکجاریمان
هەنگاو ئەنێ و سەرئەکەوێ
ئەو کاتەیە
کە ئەو ئەستێرە گەشانە
دەبنە ئاڵای سووری سەرکەوتن بۆ ئیمە و
مەرگ و نەمان لە بۆ هەرچی
مێزەری ڕەشی سەرمایەی لەسەر ناوە و
بۆ مانەوەی خوێن ئەڕێژێ و ددان ئەسوێ.

ڕانیە، کوردستانی عێراق
پاییزی ١٣٥٧ هەتاوی

# تا هەر دووکمان نەبینە یەك

کاتێك لە مرۆڤ دەروانم
داخێك دڵم ئەسووتێنێ و
ژانێك لەشم ئازاردەدا
کاتێك لە مێژووش ڕامێنم
تاوانێکی هێندە قورس
دەخزێتە ناو هەنگاوەکان
شلیان دەکا و
نیوەی هێزم لێ دەستێنێ

کاتێك چاویش دەکەمەوە
شەپۆلێکی یەکجار نزمی تاو و لەرزە
تەوژمێکی هێندە توندی
پشووبڕم بۆ دەنێرێ
کە ناتوانم لە وەڵاما
هەروا سادە و ساکار بێژم
ڕۆژگارێکی یەکجار تووشە
شەوگارێکی یەکجار تارە و
هێرش دەکاتە ناو قوڕگ و بینەقاقا و
کپی دەکا.

هەموو جیهان ئاگادارە

بەڵام لاڵ وکەڕ و کوێرن
خۆ دەبوێرن
ئەو ئازارە پەنگ خواردووە
نەوای دەنگی
نیوەی کۆمەڵ دەڵێتەوە و
بە بارتەقای ئەو نیوەیەش
گەرا دەکا لە ناو مێشك و لە ناو چێژم

بۆچی گێژی ئەی پیاوسالار!؟
ئەی مرۆڤی خۆبەزل زان
بۆچ نازانی نیوەی کۆمەڵ
لە وەتا هەن
ژێردەستەن و بە هەزاران
بەیت وباو و نێوونیتکە و پاساوکاری
ناو تەورات، ئینجیل، قورئان و چەوسێنەری مێشك وشك
دەیانکوژن و کەم تا کورتیش هەرنابێژن
هەر رۆژێک و لە گۆشەیەک
هەر کاتێک و بە شێوەیەک
دەیانخەنە ژێر مەنگەنەی
دەردوژان و چەوسانەوە و بەردەباران
بۆوەی پیاوسالاری نزمی خڵتەی زاتیان بپارێزن.

ئێوەش ئەی چاوگەکانی ژان
ئێوەش ئەی دەریای کپ ومەنگ
ئێوەش ئەی ئۆردووی دەنگ و ڕەنگ
تا هەردووکمان نەبینە یەك
تا هەردووکمان ڕانەپەڕین
تا هەردووکمان دەست لە ناو دەست
پیاوسالاری نەڕوخێنین
چۆن ڕزگاری وەدەست دێنین؟

چۆن کۆت وبەند دەپچڕێنین؟
کاتێك دیاردەی هەڵاواردن
لە ژێر تەوژمی دوولایە
ئاسەواری ڕیشەکێش بوو
ئەو جارئێمەش بۆ یەکسانی
دەبینە یەك بێ جیاوازی
هەنگاوهەنگاو دەچینە پێش
بە قەد یەك و هاوتەرازیی
ئەو کاتەیە کە ژن و پیاو
لە رستەیەکدا دێنەوە
هەردووك بۆ مەبەست و کارێك
ئەم سروودە دەڵێنەوە:
ئێمەی کرێکاری ژن و پیاو،
گەر ڕاپەڕین بۆ ڕزگاری
جیا لەزنجیری دەست وپێ
چی دیکەمان لە دەست دەچێ؟

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٨-٢-١٨

# کۆبانێ و بڕوا بەخۆبوون

بەرخۆدان ڕەمزێکی بەرزە و
بۆتە ئاڵقەی یەکگرتنەوە و دۆزینەوەی
ڕێگاچارەی میللەتێکی چاوکراوە و بڕوا بەخۆ
کە ئێستاکە، لە ژێرهێرشی هێزێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی
لە شەڕی مان و نەمانا
کۆڵنەدەرانە وێستاوە و لە مەرگ سڵ ناکاتەوە
کۆبانێ بۆتە سومبولێک، لە پەیکەرەی کوردستانی خۆڕاگردا و
سەرچاوەیەک، کە ژن لەوا خۆ ئەکا بە قوڕگی مەرگا و
شانبەشانی نیوەی تری لە خەبات و تێکۆشانا
بەندی دیلی ئەپچڕێنێ وبەربەرییەت خاپوورئەکا
بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان
ئاسۆی خەباتێکی تازە بەدی دێنێ
کۆبانێ ئێستا لە دڵی هەر ئینسانێکی
چاوکراوە و تێگەیشتووی ئەم جیهانە
چرایەکی هێندە روون و پڕ تەوژمە
کە لە سەرتاسەر جیهانا
شەپۆلی خۆپیشاندانی جەماوەری لە گەروودا و
بۆ بە هاناچوونەوەی ئەم، بەرخۆدان و نەبەزینە
هاوپشتییەکی سەرتاسەری پێکهێناوە و
ڕێگە نادات کۆنەپەرستی داعش و لایەنگرانی جیهانی
بنبڕ کەن شارستانییەت.
کۆبانێ!

شۆڕشگێڕانت چەقڵی چاوی کۆنەپەرستی سەرمایەن
بۆ ئازادی و سەربە خۆبوون
دەریایەکی خرۆشان وکۆڵنەدان و بەرخۆدانن
ئێستا ئێوە و کوردستان و ڕەنجدەرانی ئەو ناوندە
دژ بە تاریک بیرەکانەی خەلافەتەکەی ئیسلامی
دیوارێکی پۆلایینی بەرەنگاریتان داناوە
کە شانۆیەکی بێوێنەی سەربەرزیتان بۆنەبەزین
تۆمارئەکا و ئەکاتەوە.

یۆتێبۆری، سوێد
٩-١٠-٢٠١٤

## هێرۆشیمای کوردستان وتاوانێ تر

تاوان تاوان، تاوان تاوان
دیسانیش گڕ، دیسانیش ژان
بڵێسەی تاوان لێشاوە و
گێژەڵووکەی ئەم مەڵبندە تەمبارەیە
لە سەرجەستەی زامی قووڵی
ئەو زێدە ژار پێپژاوەی
هەژدە ساڵ بەر لە ئیستادا
کت ومت دەکولێتەوە و
سەرتا بە خوار ژینیان ژانە
سووتان سووتان، خەڵووز بۆسۆ
تەوژمی ژان بۆتە بەرات، بۆتە خەڵات
گورگ بۆتە شوانی ڕان و
ڕانیش نانی ژانی پێیە و
لە جیاتی بژیو و پێخۆر
گیانیان میوانی فیشەکە و
خانوو و پێخەفیان لێدانە و
دەرەتانیشیان زیندانە
هەتا کەنگێ وکامە جێگا و
کامە سنوور
ئەو هەرێمی رۆژڕەشییە
دەبێ پێوانەی هەڵەبجەی ئازارچێژ بێ و
لە بن کۆت وبەندی ڕژدا

داواکانیان لە ژێر لیچی
پەرلەماندا پاساو بکرێ و
کۆمەڵانی بەشمەینەت و جەرگبڕاو
ماف و ویست وخواستەکانیان
بە تۆقاندن و بە کوشتن وەڵام بدرێ
ئا ئەمەیە
ئەو ئازادی فیدڕالیزمە و
ئەو ئاڵا قەبەی هەرێمی کوردستان
بۆ پارێزگاری و ئاسایش؟!
لە مەینەتئاوای هەڵەبجەی
ژین لە گەرووودا خنکاوی
کۆرپە لە باوەش کوژراوی
ژینگە و زەوی، ژاری مەرگ پێداکراوی
پێنج هەزار پەروانەی مەرگی لە تەك یەکا
تۆڵەی ژانیان بە پژانی
مێشکی بیریان دابین بکرێ
هەر ئەوانەی لە ڕابردوویەکی نەک دوور
پێشقەراوڵی داگیرکەرانی تاران بوون و
بۆ هاندان و دنەدانی گورگی زێنی خرۆی (*) بەغدا
کە پێنج هەزار بێتاوان گوڵالە سوورەی
کۆمەڵانی ژن و پیاو و پیرولاو و منالانی ئەو ناوەندەی
لە چرکە ساتێکدا کردە
دەستەچیلەی بەرزەفری
کە زیارتر، دەستەڵاتی پێڕاگرێ
ئا ئێستاکە هەرئەوانەی لەو کاتەدا،
تاڵانکەر و تاوانباری ئەو کۆستە پڕ ئازارەیەی، دوو خوێنمژبوون و
ئەو ژان و شەوەزەنگە بێوێنەیان
بە تاوانی گوێ لە مستی
لە جەستەدا و لە سەرشانە
بە کام ڕچە دادەڕێژرێ.
کۆمەڵانی چاوکراوەی

هیرۆشیماکەی کوردستان
دەنگ هەڵبڕن
هۆ نووسەرانی بەدەربەست
بە نووسراوە و هۆنراوەتان
لە دژی هەر یاسایەکی پێچەوانەی
مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕاستەقینە
چاونەترسانە راوەستن
ئەو کاتەیە کە نەوەی نوێی
پێنج هەزار مۆمی هەوری تەم
دەبێتە گڕ، ئاگرەسوورە
لە ناو شەپۆلی هەڵچوونی پەنگخواردووی خۆی
رێکخراوەی خێڵ وعەشیرەت ڕائەماڵێ و
تەنیا هەرەس و توانەوە
دەکاتە قوڕگی ئەوانەی لە بەرانبەر مەدەنییەت ویەکسانی
توندوتیژی بە کاردێنن و
پێیان وایە لە دەستیان دێ
پێش بە لێشاوی بەگوڕی دەریا بگرن.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٦-٣-٢٨

(*) زێنی خەرۆ: بەو کەســـانە دەگوترێ کە لە خۆبایین وغلوورن، ئەوانەی کە زەرەر و زیانیان بە کۆمەڵگا وخەڵکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگەیێنن وزێنیان لێدەکەن واتە بە دزی، کە دەم شـــیرین کراون، کاولکاری و مالوێرانی و رۆژڕەشـــی دادەسەپێنن.

## بۆچی هێندە دڵرەقی؟

چاوەکەم زانیوتە بۆچی من ئەسیری داوی تۆم
چونکە تیشکی روومەتت گرتۆتە جەرگی پڕ لە سۆم
ماوەیێکی زۆرە دووری و پرسی ئێمەت لا کەمە
ئەو هەوارە تازەیەت بۆچی وەهای خستوویە گۆم
چاوی دووربینیت بەرین بوو هێزی وشیاریش پتەو
هۆی چییە ئێستا وەها نی، رازەکەی بێژە بە خۆم
کام وتە و گوفتار و ئاکاری منت لا دژ بووە
ئاوەها کەوتوویە لاری کیژە کوردەی چاوهەڵۆم
زۆر دەمێکە هەڵوەدای دەرد و خەمی ئەو کۆچەمە
بۆ ڕەهابوون لەو تەمە من چاوەڕێی ڕێنوێنی تۆم
بۆچی هێندە دڵڕەقی خۆ من لە تاوان بێ بەریم
گەر دلت تۆزێ وەفای هەس، بیهەژێنە و بێنە بۆم
ئای چ سەخت و تووشە ئەم ڕێبازە پڕهەورازەیە
کۆتری سەربەستی لە بەینی ئێمەدا کەوتۆتە چۆم
بۆ نەمانی هەرچی دڕدۆنگی وتوانج و تانەیە
چوونە سەر ئامانجی ڕوونە، بەس کە، سا من ڕەنجەڕۆم
لەم وڵاتەی ئێمەدا دڵداری دەریای بێ بنە
هەرکەسێك کەوتۆتە ناوی، بۆتە زەڕراتی ئەتۆم
من لە ئاوی چاوی تۆدا، چوومە ناو ڕەشکێنەوە
بۆتە ئەرکی بێوچانم، ئاوی سوێری ئەو ئەخۆم
من دژم سا بەو سنوورە سازکراوە چاوەکەم

بۆ نەمانی لەمپە ر و پاوان دەڕۆم و هەر دەڕۆم
تا لە ڕیشە و ڕەگەوە نەبڕێتەوە و نەسڕێتەوە
ئەو نەریتە کۆن و پەستە، چۆن ئەوەستم بێژە بۆم
ئێستە زۆرن ئەو ژنانەی بۆ نەمانی کۆیلەتی
ئەرکی یەکسانی و بەرابەرخوازی، ئەچڕن یاری خۆم
تۆش لە گەڵ ئەو کۆمەڵە چاوکراوەیەدا، هەستە زوو
توور هەڵدانی پەچە وچارشێوی تۆیە ئارەزۆم
ئێستە ئێران بۆتە گۆمی پڕ لە خوێن و پڕ لە ژان
سا هەتا کەی مەرگ و زیندان، بەسیە ئیتر من مرۆم
ئێمە گشتمان بێ هەڵاواردن دەبێ یەك دەنگ و ڕەنگ
دژ بە ئەو ئاشی شەڕەی پێمان ئەڵێ، مافتان ئەخۆم
تا نەمانی ئەو رژیمە گەندەڵە نەگرین قەرار
دەست لەناو دەست چینی ڕەنجدەر، داسی مەرگیان بێنە بۆم
کاتێ مەرگی ئەو دژانە، هاتە سەر شانۆی نەمان
جا ئیترئازادی چۆن ژین سەرجەمە، نەك خۆت وخۆم

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٠-٦-١٠

## لە کێبڕکێی مانەوەدا

ئەمجار هێندە دڵم پڕە
لە ژان و مەرگی کتوپڕ
کە فیکروبیری داگرتووم
بۆ کرانەوە و لێکدانەوەی
داڕشتن و دابێژتنی
ئەو هەلومەرجە دیشوارەی
لە سینگمدا بۆتە ئاگر
تەوژمێکی پڕسووتێنەر
دیاردەیەکی دەمارقورسی دواکەوتوویی
هەڵدێرێکی تێدا کپ بوون
شەوەزەنگی قاقڕولێژ
بۆ هەرکەس وشەی ئازادی و باش بژیەتی
بڵێ ئاخر
لە کیشوەری سێدارەدا
کە ئیسلام سەرچاوەیەتی
بەربەرییەتی وا پەتی
دەکرێتە ملوانکەی بەری
بڕوانامەی دژی ئینسان
چاوکراوەی دژی ئیعدام
تێگەیشتووی بەرچاوڕوونی
بۆ هێنانە دی ئازادی و بەرابەری
بۆ گشت ژن و پیاوا یەکسان

هو ئەوانەی پێتان وابوو ئەهریمەن بۆتە فریشتە
بۆونۆکەرە گوێ لەمستە، ڕژدوپەستە
کەوتنە بانگەواز و کڕنۆش
بۆ دیالۆگ کێبڕکێتان لەسەر پشتە و لە ناو مشتە
دیتتان کە ئەو ئاخوندەیە
چۆن بۆ پاراستنی سەرمایە
لە گەڵ شەیتانی گەورەدا
سات و سەودای لە سەر دایە
کەمتر لە سێ مانگ تەمەنی نیشانیدا
کە چەندە چەور و لە بارە، بۆ ئەم کایە
لەو حاڵەشدا بۆ پێشگرتن
بە شەپۆلی ڕاپەرینێکی دووبارە
کەوتۆتە داپلۆسین و تۆقاندنی.
جەماوەری وەگیانهاتووی هەموو ئێران
کۆماری سێدارە ئێستا
ئاشی مەرگی ناوەتەوە و هیچ سنوورێك
بۆ ئیعدامی زیندانییە سیاسییەکان ناناسێت و
شەلم کوێرم، فەتوای مەرگ هەڵدەڕێژێ.
هۆ جیهانی مافی مرۆڤ هەتا کەنگێ
لە ڕاستی چاو دەقووچێنن
کە وا کۆماری سێدارە لە ئێرانا بێپسانەوە
لە بەر چاوی هەمووتانا
مەرگی کردووە بە بەرگی هەرچی مرۆڤی نارازی
ئەیخاتە سەر بە ملیۆنان جەنایەتی مێژووی ڕەشی
شەرمتان بێ کە نیتانە و باسی مافی مرۆڤ ئەکەن؟!!
جیا لە ڕەشترین پێناسە لە بوونیاندا،
پێم ناڵێن سا چییە بەشی ئەو شەپۆلی ئیعدامانە
ترسان و دڵەڕاوکێیە لە هەستان و ڕاخوشانی جاریکی کەی
کۆمەڵانی وەگیانهاتوو
بۆ ڕووخانی ئەم کۆمارە چنگ بە خوێنە
کە شارەگ و بنەچەکەی خوێنمژتنی ئازادییە و

له تەمەنی نگریسی ئەو ڕژێمەدا
لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست
جیا لە سەندنەوەی ئازادی بەتێکڕایی
چیکەی هەبووە و چیکەی هەیە
بۆ مرۆڤی بەشخوراوی ئەم سەدەیە
ئەوەی ئێستا جێی سەرنجە
تەنیا و تەنیا ڕوخاندنی ئەو ویلایەتە نزمەیە
کە چوارچێوە لە بنەڕەتا هەر ئەوەیە
بە گۆڕان و لابردنی هیچ مۆرەیەك
ئاڵ وگۆڕێك نایەتەدی
هەتاکوو لە بنچینەڕا هەڵنەتەکێ
ئەمماوئەگەری پێناوێ، بنەماکەی هەرئەوەیە
بەڵام ئەوە، کۆمەڵانی چاوکراوەن کە ئەتوانن
بە تێکڕایی لێی ڕاپەڕن
چۆمەکان سەریەك خەنەوە
ببنە دەریا کە وا چینی کرێکارە
کە دەتوانی لە ڕیشەوە نەزمی سەرمایە تێکبدا
چەوسانەوەی هەر ئینسانێک بە دەست ئینسان بنەبڕکا و
نەزمێکی نوێ بەدی بێنێ.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٣-١١-١٠

# کاتێك زانیم دژی پەچەی

کە عەشقت مەیی لە گیانم
زامی جەرگم  هەتوان ڕێژبوو
کاتێك بیستم دەنگی بەرزت
کۆتری بیرمی پێ سارێژبوو
کاتێك گرتم پەنجەی کارت
قافیەی شێعرم کرایەوە
ساتێك زانیم دژی پەچەی
سۆزێ زیاتر بایدایەوە
کاتێك هاریت بۆچوونی کۆن
تووڕت هەڵدا چارشێوی ڕەش
سەلماندت بێ تۆ ڕزگاربوون
بۆ هیچ گەلێك نابێتە بەش
ئاوێتەی ئەمجارەی شێعرم
کچە پێشمەرگەی بیری نوێ
ڕوونە ئاسۆی ڕزگاریمان
بەشداریت بۆ هەرمان ئەدوێ
بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە
چرای ڕووناکی ڕێگامان
تەفروتوون بکە بیری کۆن
بۆ بیری نوێ و ژیانی یەکسان

ئودێنهایم، ئاڵمان
١٩٩٠-٥-١١

# ڕێگە گەرچی سەخت و دوورە

چاوەکەم لەو ڕۆژەوە چاوم بە چاوت کەوتووە
ڕۆژوشەوگاری ژیانم کاتژمێری خەوتووە
زووکە دەی فریام کەوە تاکوو دڵی زیندووم هەیە
چونکە تیشکی چاوی کاڵت بۆ حەیاتم توێشووە
من لە تاوی ژینی پێشووت، کاتی ئێستاشم تەمە
ئێستەکەش چارشێوی ڕەشبینیت لە بیرت بەستووە
من کە پەروەردەی وڵاتی پڕ لە ژان و مەینەتم
بۆ هەواری تاری تۆیە، لێرە ڕۆژیشم شەوە
ئەو سنوورە چەپەڵانە سەرلەبەر ڕۆژی ڕەشن
تا نەیانپێچینەوە درێژەی دەبێ ئەو مێژووە
سا ئەگەر وایە لە بۆ دواڕۆژی ڕوون پێویست دەکا
هەرچی بندەستە دەبێ گشت یەکگرن تاکوو زووە
ڕێگە گەرچی سەخت و دوورە، کارگەر ڕابەر ببێ
ڕۆژی یەکسانی لە دونیادا مسۆگەر کردووە

ویسکافۆش، سوێد
١٩٩٣-١١-١٢

# شەوگاری ڕەش

دەزانی ناسك و نازدارم دەمێکە
دڵم تینوی گوشینی گۆی مەمێکە
ئەوە پیربووم و ڕیشم پڕ لە بەفرە
لە ناو کوێستانی دڵ نیگات شەمێکە
بە ئەو تیشکی نیگایەت گێژ و کاسم
دەسا دەی تۆزێ ئاوی ژینی تێکە
لە وردبینی بینایی چاوەکانم
سەرنجی تۆیە بۆ ژان مەرهەمێکە
بەڵام داخی بە جەرگم لەم وڵاتە
کە ئێمەی لێ دەژین زۆر سەردەمێکە
کە مافی خۆشەویستی و دڵ بەیەکدان
لە یاسای کۆنپەرستدا وەرهەمێکە
کە ڕێکدەگوشێ دڵ و گیانی هەزاران
کوڕ و کیژی بە نرخ و ڕێك وپێکە
لە بیرم دێت بە منداڵی کەژاڵێك
کە بیری مەرگی بۆ ژینم تەمێکە
لە پەردەی بووکییا خوێن گەییە جەرگی
کە شەوگاری ڕەشی زین و مەمێکە
لە یادی مەرگی ئەو بیرم کراوە
کە بۆ دواڕۆژی ڕوونم بەرهەمێکە
لە تاقیکاریی ڕێبازی دواییم
کە بۆ یەکسانیناسی هاودەمێکە

هەتا ماسولکەکان خوێنیان تییابێ
چەمی چاوم ژەمی دەریای خەمێکە
بەرینایی هەوارگەی ئەو چیایە
بە پانایی ئەوین هەژماری ڕێکە
لە دوندی دواپشووی هەورازی مەرگیش
شەوی ژانی لە بۆم زیروبەمێکە

ساگۆسن، سوێد
١٩٩٣-٣-١

# له هەوەڵ ئەوینی ژینا

له بیرم دێت
کاتێك لاو بووم
له هەوەڵ ئەوینی ژینا
نازدارێکی خنجیلانه
نۆبەرەی ماچێکی کوڵمی
له تا تەرازووی ژین کردم
هەودای زولفی هاویشتمه دڵ
دایچاند مەزرای خۆشەویستی و
دڵۆپ دڵۆپ چۆوه ناخی
هەرچی ڕەگ و ماسولکەیه
لەو ڕۆژه وه
ئەو هەوێنی هەوەڵ بەهاری دڵدارییه
له گەڵمایه و
هەڵیئەمژم و پێی ئەژیم
ساتێك لێم جیاببێتەوه
ڕایەڵ و پۆی ئەوتابڵۆیه
له دڵمدا داڕژاوه
سیس ئەبیت و هەڵئەوەرێ
بۆیه له هەر وڵاتێکا
خۆشەویستی پاوانکرابێ
به قەد خۆشەویستی تووڕەم

ماینز، ئاڵمان
١٩٩١-٩-٣

# کاتێك دڵی شێعریان سووتاند

کاتیك دابڕام لە سەرچاوە و
بەرهەمی تەمەنم جێ هێشت
وا بڕوام بوو بەو کانیاوە
ئاوی چاوم دەپارێزێ و لێڵی ناکا
چاوی بڕوا و کێوی هیوام
بەڵام بڕوا
هەر چەند کێوبێ
چاوی هیواش
سەرچاوەکەی ڕۆژێك دادێ
کە گژنیژەی سەرکانیاوی قەوزە گرتوو
ماسییەکانی خۆشەویستی و رووناکایی
لە داو هاوێ و بیانسووتێنێ
دەریای بڕوابەخۆبوونیش
قەتیس کا لە تاریکایی و
ڕەشترین تابلۆ لە ژیاندا بخولقێنێ

لە کام بڕوادا دەگونجێ
لەو دیوارەی داپڕشتبوو
یەکی چاتر دادەڕێژی و پێکی دێنێ
کاتێك دڵی شێعریان سووتاند
چل ساڵ تەمەن بووە خۆڵەمێش
چل هونراوەی ئەویندارى
لە ئاوردا بوو بە سووتمان

چل ئاوات و ئارەزۆی دڵ
پێش ئەوەی بووکی ئازادی ڕابمووسێ
سووتەمەرۆی لێمایەوە
چل ئارەزۆی مناڵانەی خۆزگە و بریای
ژاکاوێکی تاڵی چێشتووی
ئاوارەبووی بە ساڵاچوو
کپ کرایەوە.
بۆچی وابوو
بۆچی وایە؟
وەڵام رستەیەکی نەبانە
پیت و وشەی سەیروسەمەر دادەتاشێ و
نەك تەنیا بۆ دڵی شێعر ورتە ناکا
بۆ خاپوورکردنی هەموو بڕوانامەی ڕابردووشی
تەزووی شەرمی
بە ناو دڵ و بیردا نایە.

یۆتێبۆری، سوێد
١٩٩٢-٢-٢٨

# تووڕەم

لە کام جەمسەری داخەوە
تیشکی ڕووناکایی بێژم
لە کام قۆناخی ئاخەوە
دەرووی ئاوەڵا داڕێژم
لە کام کاروانی گۆڕینا
دارکوتکەی کۆن خاشەبڕکەم
لە کام تووڕەبوونی پیرۆز
کۆشکی  زۆردار بڕووخێنین
لە کام بەهاری ئازادی
ئاڵای یەکسانی هەڵکەین
تووڕەم لەم جەمسەرانەی داخ
تووڕەم لەم قۆناخە تاڵە
تووڕەم لەو ئاڵا کۆنانەی
مارکی مەزهەبیان لێ ئاڵا
تووڕەم لەو کۆشکە زلانەی
بە خوێنی ئێمە داڕێژران
تووڕەم لەو بۆمب و جێتانەی
مێشکی ئێمەیان پێ پژان
تووڕەم لەو کەرەسەی مەرگە
مرۆڤایەتی پێ ئەکوژن
تووڕەم لەو قەڵەڕەشانەی
تۆوی دواکەوتن ئەچێنن
تووڕەم لە پاپ و کلیسا

لێرەش بۆ زۆردار دەڕێسن
بۆی لە ناو ئینجیل دەردێنن
تووڕەم لە هەرچی داواڵە
بیچمی کۆنە، سۆنەی زەینە
بەری بیری تازە ئەگرێ
ژەنگی دواکەوتن ئەچێنێ
ئاسۆی دەرچوون ئەشێوێنێ
خولْقێنەرانی سەرزەوی!
گوی ڕابگرن، بیلْێنەوە
بۆ سڕینەوەی ئەو بیرە
با ئاخ وداخ ببڕینەوە
با بۆ گۆڕین قۆڵ هەڵماڵین
ئاسەواری بۆچوونی کۆن
لە مێشکی گشت رەنجدەرانا بسڕینەوە
ئەو تووڕەبوونە پیرۆزە
بکەینە مارشی ڕاپەڕین
بۆ هەڵتەکانی سەرمایە و بنەچەکەی زۆردارانی
لە هەر جێیەك زوڵمی لێیە
بنەبڕ کەین.
بەڵام ڕەنجدەرانی وشیار
بێ یەکانگیربوونی ئێمەی بەرهەمهێنەر
ئەم دیوارەی زۆردارانە هەڵناتەکێن
ئەو مەلا قەلەڕەشانە
بازاری هەڵخەڵەتانیان تێکناتەپێ
ئێمە زۆرین، ئەوان کەمن!
چاوبخشێنن بە ئێرانا
جەماوەری هەرە زۆری ئەم وڵاتە
ڕەنجدەر و بەرهەمهێنەرە
گەر ڕاپەڕن ڕەنجدەران و یەکانگیربن
لە ڕیکخراوەی ڕەنجدەرانا
وەك نیشانیان داوە جارێك

ئەمجارەیە
نەك وەك پێشوو
بە زانیاری چەندینساڵەی بەکردەوە
هەرچی داخی زوڵمی ناوە
بە ڕووی بەرهەمهێنەرانا
لەو هەڵچوونە پیرۆزەدا
شێتاڵ بە شیتاڵ دەبێت و
دەخرێتە ناو قاپۆڕێکی
تۆڵەسەندنەوەی چەوساوان
لە دادگای خوڵقێنەرانی ژیانی گەش و تازە
ئەوسا ئێمە
بەهەشتێکی ڕاستەقینە دەخوڵقێنین لە سەر زەوی
لەو وڵاتەی کە نەمان بوو و
بەیتوبالۆریان بۆ دەگوت.

ئودێنهایم، ئاڵمان
١٩٩٠_١٤٠١٠

# ناچم بۆ کار

لە تارمایی شەوەزەنگی
دووکەڵکێشی کوورەخانە
لە توولەڕێێ تاریکایی
هەڵەمووتی بەردە کانا
لە ناو کارگەی پارچەچنین
لە سەرتاسەری جیهانا
لە بن زاخەی داخکراوی
کارخانەی ئاسنتوانەوە
لە کارگەکانی زێڕی ڕەش
ماکەی سوتمان، حەسانەوە
چەرخی چنین دەوستێنم
ئاسنی داخ دەکەمە سۆڵ
کارگە بەردەکانی دنیا
دەکەم بە چۆڵ
لە ڕۆژی یەکی ئەیارا
هەرچی کارە دەوەستێنم
بزە دەخەمە سەر لێوی منالەکانی ڕەنجدەران
لە هەموو جیهانی کارا
لە شار لە دێ، لە شیو لە دۆڵ
لەو ڕۆژەدا هەرچی هێزە
لە مەچەکی ڕەنج و کارا
دەیخەمە سەر یەکانگیربوون
لە گەڵ گشت پرۆلیتاریا

قوڕگی سەرمایەی پێدەگوشم
دەتوێنمەوە سەنگی خارا
ئەمڕۆ لە جیهان سەراسەر
کارخانەکان دەوەستێنین
دەلەرزینین سەرمایەدار
هاوپشتیمان دەسەلمێنین
بە رێکخراوبوون و یەکیەتی
کریکارانی گشت جیهان
قالاوی ڕەشی سەرمایە
ئەخەینە گۆڕی یەکجاری
وەستاندنی ئامرازی کار
فەوتاندنی زۆردارانە
دارشتنی ئەم سوننەتە
قەڵای پۆلای بندەستانە
بۆ هەرمانی بەشمەینەتان
ئاسۆ و ڕچەی ڕزگاریانە
بە یەکیەتی جیهانیمان
لە مانگرتنمان لە سەر کار
نەزمی چەپەڵی سەرمایە دەشێوێنین
مەکۆی شادی دەخۆڵقێنین
بە ڕاگرتنی هەموو کار
دەپسێنین زنجیرەکانمان
دەسەلمێنین یەکیەتی چینایەتیمان
ناچین بۆ کار، ناچین بۆ کار!

ژاراوێ ، کوردستانی عێراق

# کۆیلەکانی دێموکراسی و مودێرنیزم کێن وچەندن؟

گوێ بگرە لێم
ئادەی ئینسان
چاوکەرەوە و لێکیدەوە
بیخەرە ناو دڵی زیندوو
بیری کراوە.
لە ئاوا چوارچێوەیەکدا
تۆسقاڵێک دڵی زامداری پڕ لە ژانم
هەتوانرێژکە و
لە ناو سینگی تەمگرتووشدا
تەوژمێکی وەها گیرە
نەک هەر ئینسان
دڵی هەر زیندەوەرێکی ئەم جیهانە
دەکاتە گۆمی خویناوی، سەرنج دە لێی!
مێژووی کۆیلەکان لەمێژە
وەکوو دەڵێن
ڕیشەکێش بووە و نەماوە
بەڵام سا بە پێچەوانەی وتەی ئەوان
هێشتاش ئەو دیاردەی ئازارە
هەر زیندوویە و خۆی ئەنوێنێ!
دا پێم بێژن

کامە توێژە داهێنەری ئەم ئازار و مەینەتەیە
بیکەنەوە و لە قاوی دەن
کامە دیاردە پێکهێنەری ئەم ژانەیە
شیکەنەوە و بیخەنە ڕوو
ئامارەکانی ئەم سەدەی
دێموکراسی و مافی مرۆڤ...!
ئاوا ئەڵێن کە ئێستاکە
پتر لە بیست و پێنج میلێون
مناڵانی ئەم جیهانی سەرمایە و کار
کۆیلەی  دەستی زۆردارانی دنیای کار و
چەوسانەوەی بێبڕانەوەی ئۆردووی ژانن
هەر ڕۆژێک و لە گۆشەیەک
بۆ نانێکی نەمرنەژی
مافیاکانی شەوەزەنگ و ڕۆژڕەشی
داڵدەکانی قەڵەوکەری ڕەشەکوژی
بێ بەزییانە و بێ سنوور
بە سەدان شکڵ و شێوازی جۆراوجۆرا
لە خێڵی ئەو نەمامانەی  کۆیلەتی و ژان
زیاتر ئەکا و
ئەیانخاتە ژیر بەرداشی هاڕێنەری نەزمی نوێدا و
خوێنیان ئەمژێ.
تاوانبار کێیە و بۆچی وا
لە ئاستیدا کەڕ و کوێرن؟
سەبەب کێیە و بۆچی وا
لە ریشەی نادەن و ناوێرن؟
هۆ ئینسان
ئەم هەواڵەی من
پڕ بە جەستەی دەرد و ژانی

ئەو بە میلێون منداڵەیە
کە ڕۆژانە
لە ژێر ژانی لەشفرۆشی و گیانفرۆشی
دەبن بە مۆرێکی ڕەشی ناوچاوانی
زۆردارانی ناو بازاری دێموکراسی درۆیینەی
مودێرنیزمی سەرمایە و کار!
هۆ ئینسان
بۆچ هاوارم ناگرییە گوێ و دەم قفلدراو
ورتە ناکەی
نازانی من لە گشت چرکەیەکی ژینما
لە ژێر کۆت و بەند و ژانا
زەڕڕە زەڕڕە ئەتوێمەوە و
خواکانی خاوەن سەروەت
هەر کامەیان بە شێوەیەک
کۆیلەم ئەکەن و ئەمخەنە ناو تەلبەندی بێپسانەوەی
دنیای خۆیان و پێمەوە دەدەن!
هۆ ئینسان
ڕۆژ و شەو نییە
لە ناو شەقامەکانی ژان
لە ناو کارگە و کارخانەدا
لە سەر زەوی پڕ لە سەروەت و سامانی
شێخ و مەلای مفتەخۆری خواپێداوانی سەرمایە
بە بێوچان
ڕۆژم لێ نەکەنە شەو و ژیانم لێ نەکەن بە ژان
هێزی کار و ماسولکەکانی ناو لەشم
لە بەر دەستی ئەم خوینمژە زۆردارانە
قاڵ نەبێت و نەخرێتە بەر
تەوژمی نامرۆڤانەی ئەوانەوە و

شیرەی گیانم نەکەنە ناو
شیشەی تەمەنی گەندەڵی چەوسانەوە و
چەرمەسەری و دەرد و ژانم پێ نەچێژن!
لە کوێی ئینسان؟
بۆچی هاوارم ناتگاتێ
بۆچی دڵت لە گەڵمدا نابێتە خوێن
دەریایەکی پڕ لە خرۆش هەڵنابەستی
لە تووڕەیی و تۆڵەسەندن
لە هەرچی ناوی زۆرداری لە سەربێت و
بۆ ئازار و بۆ کۆیلەتیم
بەزەیی لە زاتدا نییە!

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٤-١٠-٢٥

# لە سەدەی هەوسارپچڕاودا

لە چاوپێداخشانێکی ورد
بە دونیای مەینەتئاوادا
چاوم کەوت بە چەند خاڵێك
کە لێوڕێژ ببوون لە ئازار
ئەوەی بە بیری کراوە
لە سەدەی بیست و یەکەما
بڕوانێتە دەرد و ژانی ژن و پیاوی ئەم جیهانە
بۆی دەردەکەوێ کە کامە ڕێگاچارە
دەچێ تا قووڵایی ئازار،
لابردنی تەمومژی چەوسانەوە.
لە چوارقوڕنەی ئەم جیهانەی ڕەنج و کارە
دیاردەی ڕەشی ڕەشەکوژی
کە گورگی پیری سەرمایە
ڕێگە و پێگەی بۆ داناوە و
لە ژێر سێبەری بەخێری ئەم ودمە دا
قەیرانی ناوبازاری خۆی پێداپۆشێ و
ململانەی تێکشکانی بازارەکەی
کە هەر ڕۆژە بە بیانوویێ
بۆ ڕووخانی وڵاتێکی لاوازو لە سەرەمەرگا
نەیخاتە کار
نۆکەرانی گوێ لەمستی بۆمەبەستێ
داو و تەڵە هەڵنەبستن و

لەبن باڵی دێموکراسی نەرم و چەوری
هەژارانی بەش مەینەتا
پتر ئەخاتە ڕۆژڕەشی و زۆرتر ئەداتە بەر تەوری.

کێ هەیە ئێستا نەزانێ
لەژیر پەردەی دێموکراسی ومافی مرۆڤ!!
لەعێراق و ئەفغانستان خودی مرۆڤ
پاش ڕوخانی ئەو ڕژیمە گەندەڵانەش
هێشتاکانێش کۆمەڵانی ئازارچێشتووی بەشخوراون
بەدەگمەنیش ژنانی ئەم وڵاتانە
لە سۆنگەی تاریکەسەلاتی مەزهەبدا
وشەی ئازادی و یەکسانی
مەگەر بە خەون بێتە ناو ویستەکانیان
لەلایێ تر لە بەر گورگی داگیرکەریش
هەر ڕۆژێک و لە گۆشەیەك
تەزووی ژانی پێوەدانی مارێکی دیکەی سەرمایە
چەرمەسەریان پێ ئەچێژێ و
عەشیرەتگەری و خێڵەکی و
داب ونەریتی پەککەوتەی ئەو ناوندە
پڕمەینەتبارەشیان لەبۆ، ئەژیێننەوە
تا ئەو دێموکراسییەی ئەوان پێویستیانە و
ئەو شابەیتی ڕزگارییەی کە لە جانتای ئەواندایە
چۆن بێتە دی؟!!

چاوکەنەوە خوڵقێنەرانی سەرزەوی
هۆ ئەوانەی قەڵای زوڵمی ملهوڕانیش
بە دەستی ئێوە خوڵقاوە
خۆزانیتان
ئەو داڵدانەی ڕەشەکوژی و
ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژەی

که لە فیرگەی گورگی پیری ئەمریکادا
بارهاتبوو
لە ژێر باڵی چەکی کۆمەڵکوژی ئەوان
لە ژێر زاخەی ژارپژاندنی بە کۆمەڵ
تا ئەو کاتەی کەڵکیان هەبوو
چۆن پاڵەوپشتی ئەوان بوون
تا زێڕی ڕەش وەدەست بێنێ و
ڕۆڵێکی تر بۆ گەلانی داخکراوی ئەو زێدانە
بۆ زیاتر چەوسانەوەیان
لەو قوناخە ئاستەمەدا بخولقێنن

گوێ بگرن لێم هۆ ئەوانەی
ئازارچێشتوو وچاوکراوەن
دەبێ ئێمە لەو مێژووە دەرس وەرگرین و
بیکەین بە چرای ڕێگامان
بەڵام ئێستا سەیروسەمەر لەوەدایە
پاش چەندین جار تاقیکاری و داخ پێوەنان و فریودان
جارێکی تر لە پێش چاوی هەموو جیهان
لۆزانێ تر خەریکە بێتە ئاراوە و
پەیمانێ تر خەریکە پاش قوڵمان لێدا

جا هەر بۆیە
ڕەنجدەرانی تێگەیشتوو
دەبێ وشیاربن، دووربین بن
لە دژی هەر پیلانێکی داگیرکەر و نۆکەرانی قورس وقایم
یەکانگیر و ڕێکخراو و ڕاوەستاوبن

کرێکارانی داهێنەر
تەنیا ئێوەن
ئەم کەرەسەی کوشت و کوشتارە بەربەست کەن
تەنیا ئێوەن

که دواڕۆژی باشبژییەتی بەشمەینەتان دائەڕێژن
جا کەوایە
ڕیزی خۆتان لە ڕیزی چەوسێنەرەکان جێا کەنەوە و
بۆگەیشتن بە داخواز و ویستەکانتان
لە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانا کۆببنەوە.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٤-١-١٩

# دوو پەپوولەی دڵی شەمێك

لە پێدەشتی بەرزی ئەوین
دوو كیژۆڵەی خنجیلانەی
ناو كەوانەی ئەوینێكی دوولایەنە
لە ناو دڵی پڕ لە سۆزی ئەویندار ی
توابوونەوە و ببوونە یەك

ئەودوو پەپوولە دڵ گەرمە
لە ناو فێرگەی خۆشەویستی پڕبە پڕا
بە ڕادەیەك سادە و ساكار
هەڵسوكەوتی ڕۆژانەیان داڕشتبوو
كە لە ناو دڵی مرۆڤی
ناسكبین وپێگەیشتوو
پێوانەی ئەو تین وگوڕە
ئەبووە بە ئاڵقەی كردنەوەی
دەرگایەكی سەرڕێژكراوی
خۆشەویستی راستەقینەی ئەڤینی وا

ئەو دوو ئەستێرە گەشانە
شیلان وشیرینیان ناوبوو
كە لە ئاسمانی عەشقدا
بێوێنە بوون و تاقانە
لە روانگەی گەش بینەكانا
تەوەرەی پڕ لە ئاواتی

ئەودوو خونچە سۆز ڕێژكراوە
لە كازیوەی بەربەیانی گەرم وگوڕی
عەشقی نوێدا
كانیاوێكی پاراوكراوی
خۆری ئەوینیان لە مشت بوو و
دڕك وداڵی بێبەزەیی و ڕەشبینیان
بە مێشكی دڵی ڕووناكیان
تووڕهەڵدەدا و پێ پەست دەكرد

لە تێڕوانینی دوولایەی
تین وتەوژمی دڵداری ئەم خونچانە
دوو لێكدانەوەی جیاوازی دژ بە یەكتر
خۆی ئەنواند و لە ئارابوو
بۆ لایەنێك
بەربەستێكی چاخی بەرد بوو
كە زۆرەملێ دادەچاند و
بیچمی كۆنی دەژیاندەوە

ئەملای تری بەرەی شیلان
دژی پەرژین و پاوان بوو
مێشكی بیر و لێكدانەوەی
بۆ ئازادی و بەرابەری
دادەهێنا و ڕادەهێنا
بەڵام داخم
بەرەی شیرین ترش وتاڵ بوو
فچكی گرتبوو لە ناو كۆنەپەرستیدا
نوقمی كردەی دواكەوتووبوو
لە شێوەردی حەز و تینا

لەو سنوورە دڵڕەقییەدا
شیرین بێپشوو ڕاوەستا

هەنگاو هەنگاو دەچووە پێش و
لە بەرانبەر نەزمی کۆنی بیری تەسك
بۆ ڕەهابوون، ڕێگاچارە
لە ناو ناخی بەرەی شیلان
تۆوی هیوا و بەرەی بڕوای
جۆماڵ دەکرد و دادێنا.

ئەو ئاوی ڕووناك بینینە
لە بینینی هەر دوولادا
گەش وگەشتر لە ڕێ دایە و
چاوگەی ڕووناك
دژ بە بەرەی نزمی کۆنی ئەو بۆچوونە
ململانێی بێپسانەوەی هەر دوولایە و
بۆ یەك مەبست
دژ بە پەستی مێشکی کۆنی بەرەی شیرین
ئاڵقەی دەستی بەرەی شیلان هەڵئەمژێت و
بەری شیرین دەخوڵقێنێ بۆ ڕزگاری
لەو زنجیری بیری وشکە
ڕادەماڵێ گشت داوەڵی کپی زەین و
بیری تازە جێگیر دەکا
بە سەرکەوتن بە سەر چاڵی بیری تاردا

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٤-٨-٢٦

# کوبانێ و ڕەمزی سەرکەوتن

هۆ ئینسان چاوبکەرەوە و ئینسانییەت بخەرە کار
بۆ ڕاوەستان و کۆلنەدان شایەتنامە دێنین ئەم جار
کوبانێ و بەرەنگاربوونی ڕێبازێکی تازەی خوڵقاند
کە بۆ دوارۆژی ڕزگاری گشت قەیدوبەندێکی پچڕاند
گەورەترین خاڵی سەرکەوتن بەشداری بەرچاوی ژنان بوو
کە لە مێژووی خەلکی کوردا، نەبەزینیان هاوپێمان بوو
ژن و پیاو لە یەک بەرەدا بە گژ کۆنەپەرست ڕاچوون
هەرئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی نەیارەکانیان تێداچوون
داعش ئەو مۆتەکەی مەرگە و خوێنمژەکانی ئەم چاخە
کە بە لایانەوە حەتتا وشەی ئازادیش قاچاغە
وەها لە ژێر زەبری توندی شۆڕشگێراندا داماون
کە گوند بە گوند ڕاویان دەنێن ئیتر پەککەوتەن، تۆقاون
کوبانێ و شۆڕشگێرانی، بڕوا بەخۆ ڕێبازیان بوو
ئەوەش بۆ ڕەمزی سەرکەوتن هەرئەوەشیان بوو بە ئاسۆ
هاوپشتییەکی جیهانیشی مسۆگەرکرد جا هەربۆیە
بوو بە ئالقەی یەکگرتنەوەی هەر چوارپارچەش ئەو ئاسۆیە
سەلماندی کە ئەو سنوورە دەستکردە نابێتە لەمپەر
کاتیک یەکانگیری و سۆزی هاریکاری بێتە رابەر
کوبانێ بۆ کانتۆنەکان بەرخۆدانی پڕئەزموونە
سەرتابەپا مەیدانێکی سەربەرزانەی لێفێربوونە

وردبینانە بیزانین و بوێرانە بیدرکێنین
هەرچی رەخنە و تێبینییە بە بێژینگی بیردابێنین
کاتێک ئەوە ڕێبازمان بێ و دژی جیاوازی ڕاوەستین
بۆ یەکسانی و بەرابەری پشوودرێژ بین و نەوەستین
دواڕۆژی ڕوونی رزگاری، دەبێتە مەشخەڵی ڕێگا
دڕدەدەین بە بیری چەوت، دادەڕێژین باشترین یاسا!

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٥-٥-١٢

# بیرکردنەوەی چینایەتی و بەگژ نایەکسانی ڕاچوون

هەشتی مارسە و ڕۆژی ژنە
تین وگوڕی خرۆشان و
هەڵچوونی نیوەی کۆمەڵە
دژی نایەکسانی بوون و هەڵاواردن
بیری کراوەی چینایەتی لێوڕێژبووە
بۆ گۆڕین و هێنانەدی ویستەکانی
لە گەڵ چینی کرێکاردا، بۆ یەکسانی و بەرابەری
بە خەبات و تێکۆشانی بێپسانەوە هاوتەریبە و هاونەزەرە
ئەمساڵ لە سەرتاسەر دونیای سەرمایەدا
لە ئەمپەڕی ئەفریقاوە هەتا ئەوپەری ئەمریکا و
قارەکانی دیکەی دونیای پڕمەینەتدا
ژنان لە ڕیزی یەکگرتووی خۆیانەوە
دەریای مەنگی پەنگخواردوویان هەژاندووە و
لە شەپۆلی پڕ تەوژمی تووڕەبوونی پیرۆزیاندا
ئاڵای سووری بێ سنووری چینایەتییان لە مشتایە و
دروشمی شەش ساعەت کاریان لە پێرەووپرۆگراما
لە شەقامی ئیعترازا، داڕشتووە و دەیڵێنەوە
بۆ هەموو بەرهەمهێنەری ئەم ڕێبازە و ئەم جەمسەرە
ئەو نیزامە چاوچنۆکەی لە ئێستادا
بە ڕادەیەك لە قاودراوە و
بە پێوەرێك لە قەوارەی گولوبالیزمی جیهاندا
بنەمای خۆی ناساندووە و
ئابورییەکەی وەها شڕوپڕتووکاوە

که هەر رۆژە لە گۆشەیەك، بە شێوەیەك
ناوەرۆکی پڕبەپڕی چەوسانەوەی
بۆ مرۆڤی چاوکراوەی ئەم سەدەیە دیتە ئارا
هۆ ژنانی یەکسانیخواز
هۆ پیاوانی بە کردەوە هاوبیروڕا
نیوەی تری کۆمەڵگامان کە ژنانن
بێ یەکبوونی ئێمەی بەرهەمهێنەر
ڕزگاریمان نایەتە دی
دەبێ ئێمە بێ ڕاڕایی و بە یەکسانی
لە ژێر ئاڵای کریکاریی
یەکانگیر و ڕێکخراوبین
ئەو کاتەیە کە سەرکەوتن  بۆ ئێمەیە و
مەرگ و نەمان بۆ سەرمایە.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٤-٣-٩

# بانگەوازێکی بەجێ بوو

لە شەپۆلی ڕاپەڕینی ئەمجارەدا
تین وتەوژمێکی تازە هاتە کایە و
"شوانە" ئەو ئەستێرە گەشەی خۆری دەریای خرۆشان بوو
کە گشت بڵێسەی ئازاری
کۆمەڵێکی تێگەیشتووی خستە گەڕ و
لە ناوەندی پنجاونۆ گوڵاڵەسوورەی مەهاباد هاتە ئارا
لە دژی ڕەشترین قەڵای خوێنمژان و
کۆمەڵکوژی و بەردەبارانی چاخی بەرد
سەری هەڵدا و
خۆی کردە هەوێنی ڕەنج و کوێرەوەری و هەڵاواردن
دارشتنی بەربەرییەتێکی تازەی
هەوسارپچڕاو لە هەموو لا

ئەم هەستان وخرۆشانە
دەریایەکی ڕق هەستاوی کوردستان بوو
بوو بە بڵێسەی سووتان و ڕامالینی
مێزەری ڕەشی سەرمایە و
نۆکەرانی گوێ لەمستی دەمداخراوی
لەژێرناوی جۆراوجۆردا.

ئەم یەکگرتنە بێ وێنەیە و ئەم بەهاناچوونە گشتییە

ڕابەرییەکی بە دەربستی ژیرانە بوو
لە کاتێکی یەکجار تووشا
ئاڵقە لێکدابڕاوەکانی لێك گرێدا و
هاودەنگییەکی سەرتاسەری لە کوردستانی ئێرانا
کردە بنەمای بەرەنگاری
دژ بە رژێمی کوشتار و بێبەزەیی و داگیرکەر.

دەنگی زەنگی ئەو کاروانە یەکانگیرە
هێندە بەرز و بە هەیبەت بوو
کە گشت دەم ودەزگاکانی ناو ئێرانی
خستە لەرزە و لە گشت دنیا
بوو بە سەردێری هەواڵ و دەنگی داوە
ئەم هەڵچوونە هێندە بەرین و بەتین بوو
کە میدیاکانی جیهان و گشت ئەوانەی بە شێوەیەك
لە ژێر تیشکی تیژی ئەوا
قڕوقپ ودەم قفڵ دراو
بێ ئەوەی نێوی ڕێکخەر و دارێژەری بێننە سەرزار
بە چاوقووچان لە ڕادیکالیزمی ڕەوای ئەم شێوازە
لە خەباتی باڵی چەپی کوردستاندا
هەر کامەیان بە شێوەیەك خۆی لێ لادا.

هۆ کۆمەڵانی ڕاپەڕیو
هۆ ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی چاوکراوەی کوردستان
خۆ زانیتان کە کۆمەڵە
بانگەوازی مانگرتنی سەراسەریی
مێژووی پڕ لە شانازیتانی خوڵقاند و
ڕچەیەکی پاراوکراوی یەکگرتنی
لە تووڕەبوونی پیرۆزی "شوانە"کانا
جۆماڵ کرد و کردیە دروشمی ڕاپەڕین
ئەم تابلۆیە، وەرچەرخانێکی مێژوویی و بێ وێنە بوو

که بۆ هەستان و ڕاسانی بەربڵاوتر، قالبڕێژە و
لە دەروونی کۆمەڵانی وەگیانهاتووی کوردستان و ناو ئێراندا
هەڵئەچێت و وەکوو بورکانی بەلێشاو
بەردەبێتە کۆشك و سەرای پارێزەرانی سەرمایە و
خوێنمژانی ئاخوندیسمی چەوسێنەردا.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٥-٨-٢٦

# به ڕاپەرینی ڕەنجدەران دیکتاتۆرەکان هەڵاتن

هۆ زۆردارانی گشت جیهان
باش دەزانن
یانە هێشتاش هەر قڕوقپ
لە کەوانەی کورتبینیدا
بالۆرەی کۆن دەڵێنەوە
لە مێژووی ئەمجارەی هەستان
گۆڕ و تینێکی تر دیارە
کە بۆ ڕامالّینی زۆردار
وردە وردە دەکرێنەوە
ئەم شەپۆلەی ڕاپەڕینە
هێزی چەوساوەی بندەستە
کە بۆهاتنەدی ئازادی چەوساوەکان
تا سەرکەوتن بە سەرچەوسێنەری پەستا نابڕێنەوە
بڵێسەکانی ئەمجارە بوومەلەرزەن
زەوی لە ژێر پێی زۆرداران ئەهەژێنن، ئەتاسێنن
هێندە تەوژمیان بە تینە کە تانك وتۆپ وتۆقاندن
کپیان ناکا و قەتیس نابن لە هیچ گۆشە و کەلێنەوە
ئۆردووی رەنجدەری نیلتان دی
چۆن لە فیرعەونەکەی ڕاسا
بۆ ڕووخانی دیکتاتۆرە گوێ لە مستەکەی سەرمایە
چۆن ئەو دەریا ڕاخزیوە ئەخرۆشا
مەشخەڵدار هەر نەوەی نوێ بوو

زامی پەنگخواردووی کۆمەڵگاش
بوو بە بورکانێکی هەڵچوو
کە تێکڕا پەیمانیان دابوو
تا زاڵبوون بەسەر گەندەڵی
هەدانەدەن، نەکشێنەوە
تا دیکتاتۆر چۆکی دادا قورس وقایم دروشمیان دا
ئەو ئەزموونە پڕشنگدارە، کانی زانیی زۆر هەڵچوونە
کە لە داهاتووی میللەتان بۆ خولْقانی جیهانی بێ چەوسانەوە
دێموکراسی ڕاستەقینە و بۆ بەرابەری ژن و پیاو
سەرهەڵدانی سێڵاوئاسا دەخولْقێنن بەتینەوە
قورسایی ئەو پەلامارە کوتوپڕە
لە توونسدا سەری هەڵدا و
سەرۆکە گوێ لەمستەکەی ئەو وڵاتەی دەرپەڕاند و
خستییە زبڵدانی مێژوو...
هۆ جەماوەری ڕاپەڕیو، میسر و تۆنس!
هۆ کرێکار و زەحمەتکێشی چاوکراوەی هە ر دوو وڵات
ئەوەی ئێستا سەرمایەدارانی ناوخۆ و ئاغاکانیان
پیلانەکەی دادەڕێژن
لە گەڵ داخوازییەکانتاندا چۆن دێنەوە؟
وردبینانە چاوکەنەوە و پشوودرێژانە راوەستن
تەنیا چینی داهێنەر و بەرهەمهێنەر
ڕابەرتان بێ
بەو ڕیفۆرمە ئاوەکییانەی زۆردارەکان
ناگەنە لوتکەی ڕزگاری ڕاستەقینە
ژیرانە لە بێژینگی دەن، بیبیننەوە
کاتێك ئێوە لەو هەڵچوونە مەزنەتاندا
نان و کار و جێگەی ژیان
بێ هەڵاواردن و یەکسان
بۆ گشت ڕەنجدەر و داهێنەر
بکەنە دروشمی جەماوەر
ئەمجار یەکانگیر و ڕێکخراو

سەرکەوتنتان مسۆگەرە.
هۆ کۆمەڵانی بەشمەینەت
پارێزەرانی سەرمایە
بۆ هێشتنەوەی ڕۆژڕەشیتان هەزاران پیلانیان هەیە
ئێوەش دەبێ بۆ لە ڕیشەدەرهێنانی هەرهەموویان
بە وشیاری و زانیاریتان
ئەزموونی گشت ڕاپەڕین و هەستانەکان
دێربەدێری بخوێننەوە
بیخەنە کار.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١١-١٢-١٣

# بەڵام عەشق

شیعری داود رمزی / وەرگێڕ ژاکاو

چیرۆک، تەڕوتازەبوونی شعوورە لە دەنگە تێکەڵکراوەکانی بادا
بێدەنگی، قبووڵ کردنی عەقڵە لە درێژکردنەوەی قسە دا
عەشق بەڵام، ڕزگاربوونە لە زیندانی یاسادا
لە کۆتایی هاتنی جادەی ژنهێنان ومێردکردندا

مۆسیقا، لێدان وجووڵەی جوانییە، لە خەڵوەتی خەونەکانا
شێعر، تێکۆشان وخەباتی هەبوونە، لە گۆڕەپانی وێنەکانا
عەشق، بەزەییە ومەرحەمەتی مانگە لە ئارام کردنەوەی گیانا

لێو، سوورترین گوڵی باخی بەقایە
لە تازەبوونی گوتراوەکانا
ماچ، شیرنایی ئاوی سەرچاوەیە
لە کاتی پیری لە باوەشگرتنەکانا
عەشق بەڵام، ئازایی وجەسووریی ژیانە لە بەرەهوتی زەماندا

خاک، ڕاخزێنی لە پڕی بێوێنەی سەرهەڵدانەوەکاندا
دەریا، مزگێنی بارانە، لە میچی خولڤاندندا
عەشق بەڵام حیکایەتی تاقگەیە، لە پەرێشانی ئاورکردنەوە و بڵێسەدا
کێو، غورووری مەستی زەوییە لە هەوای جیهانا
جەنگەڵ، گرێ وگۆڵی بیرکردنەوەیە، لە ماسولکەکانی خوێندا
عەشق بەڵام، خولانەوەی وەك ئاوری ڕۆژە
لە زستانی تەنیاییدا

ڕیشه، له ناخی وجوودی خۆیدا گرفتاره
عەدالەت، وتەیەکی خۆهەڵکێشان و درۆیەکی گەورەیە
عەشق بەڵام، پشکوتنی خونچەکانی وەخەبەرهاتنە
لە بەرەبەیانی گەشانەوە وگەورەبوونی ئارەزۆکانا

ئەوەی کە ماسی ئەگرێ
مەنتیقی ئاو تێناگا
ئەوەی خۆهەڵدەکێشێ
سواری ئەسپی غورووره و
پیتە بەتاڵەکانی سەر ناسنامەی خۆی نابینێ
عەشق بەڵام، دڵەخورپە و بێئارامی دەناسێ
لە رووداو و بەسەرهات ناترسێ

زیندان، خوێنی ڕژاوی کۆترەکانی ئازادییە
ڕاپەڕین، کوژانەوەی چرای ئارامبوونەوەیە
عەشق بەڵام، ئەسپی یاڵسووری چێژتنە
لە ڕاکردن و پەلەکردن
لە دەشتی سەوزی بێقەراری ئینساندا

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٥-١٢-١٠

# لە نێو دوو بەرداشی شەڕدا

چەندین دەیەی دوورو درێژە
کە فەلەستین و کۆمەڵگای ئەو ناوندە
لە ژێر باری سەهیونیزم و کۆنەپەرستی ودواکەوتن
تا بینەقاقای کەوتۆتە ژێر دەواری تاڵی ژین و
ژان میوانی بەشمەینەت وهەژارانە و
ماڵوێرانی و دەربەدەری
بۆتە بە پێخەف و جێگای
مەمرەومەژی حەوانەوە

ئێستا لە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا
پاش شۆڕشی بەردوخوێنیش بێپسانەوە
ژین و ژینگە و ماڵ و فێرگەی
هەژارەکان تێکدەهاڕن و
بۆ توانەوەی بنەوانی هەڵدانەوەی
ئەوەی بڵێ من ئازادی ژینم ئەوێ
سەری بەر ساتووری مەرگی داگیرکەری
بێبەزەیی سەرمایەداری ئەکەوێ

ئێستا هەر مەڵبەند و کەنارێکی ئەم وڵاتە
دەرزیئاژنی ئازاری خاپووربوون و توانەوەیە
ڕۆژ نییە کە جێگەوپێگەی ڕەنجدەرانی ماڵڕماوی
سەبرا و شەتیلایەکی کەی لێ نەخوڵقێ و

کۆنەپەرستی ناوخۆیی و
داگیرکەری گوێ لەمستی ئیسرائیلیش
لە ژێرحوکمی ئەمریکادا
ڕۆڵی ژاندارمی یەکەمی ئەو نەگێڕی و
تەنانەت بۆ سەربازێکی مامناوەندیش
سنوورێکی ئەو وڵاتە نەبەزێنێ و
دەریای خوێنی بێتاوانان نەخولقێنێ و
بۆمبی هێشوویی دواڕۆژی تیداچوونیان بۆ نەچێنێ

سەرچاوەی ئەم ڕۆژڕەشییە و
ناوەرۆکی ئەم مەینەت و تیداچوونە
هەتا کەنگێ و لە کوێ ڕایە و
کێیە کۆتایی پێ بێنێ؟
شیکەنەوە و شوێنی کەون
بەڵام سەیر لەوە دایە
لە بەر چاوی گشت دنیادا و
هەموو کۆمەڵگا و ڕێکخراوی لایەنگری مافی مرۆڤ؟!!
بە ملیۆن ئەو مرۆڤانەی داواکاری
ئازادبوون و ڕزگاربوونن
دەیانکەنە دەستەچیلەی
پاوانخوازی کۆنەپەرستی و سەرمایە و
هەر ساتوکات بە شێوەیەك
دابڕدابڕ لێرەولەوێ دەیانکوژێ و
ڕێگاوشوێنی تازەتریان بۆ دادێنێ.

چاو کەنەوە
ڕەنجدەرانی مناڵ کوژراو
بەشمەینەتانی هەر دوولای ئاگری شەڕ
ئەوئاگرەی لە ئارا دایە
بڵێسەی سووتێنەرەکەی

جەستەی ئێوەی نیشانەیە و
بۆ بە چۆکدادانی ئێوە داڕێژراوە
بۆ کۆنترۆڵ و دامرکانی
هێزی ئێوەی بەرهەمهێنەر لە کاردایە
هەستنە سەرپێ
ڕێکخراوی پێشڕەوی خۆتان بەدیبێنن
دژ کۆنەپەرستی هەر دوولا
ڕاپەڕن و شۆڕشێ تازە بێننە کایە
بۆ ڕزگاری لە چنگی شوومی سەرمایە

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٦-١١-١٧

# ژین لە دەروازەی ئازاردا

ئەوەی ئێستا دەیهۆنمەوە
زۆرلەمێژە لە ناخمایە
ئەوەی دەمهەوێ دایڕێژم
ئەرکی قورسی ژانی تیایە
زۆرجار لە توێژینەوەدا
خاڵی ناسکبیری زیندوو
ئاهەنگی خۆش دیداری نوێ
ئاسۆی هیوا، بڕوا بە خۆ
خۆ دەخزێننە کەوانەی دڵ
خۆ داوێنە هەستی کراوە
دەچنە ناخی ئازارەکان
بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە
دیارە رێگا پڕ لە تاتە و
رێبوارەکەی ماندوو و شەکەت
چاو دەبڕێتە دەرەتانێك
دەگەڕی لە هەل و دەرفەت
بۆ ئەوەی ئەو مەرگەساتەی
چەندین ساڵەی ڕابردووی خۆی
بە شێوەیەك بە پێوەرێک
دەستەمۆ کا و دارێژێ بۆی
چاوگەیەکی ئۆقرەگرتن
دیوارێکی حەوانەوە
بۆ دۆزینەوەی هاودڵێك

بۆ پڕبەپڕ لێکدانەوە
کە لە کام جەمسەری کارا
گیروگرفت قەتیس ماوە
لە کام پێگە و جێگەی بوونا
چارەسەری داڕێژراوە
ئەم گرێ پووچکەی تەمەنە
مێژووی یەکجار تووشی پێوە
بۆ هەڵکێشانی ئەم خۆرکە
چی دەرمانە بۆ ئەم خێوە؟
هاوبیرانم گوێم بۆ بگرن
هاودەردانم بێنە ناو کۆڕ
ئەویندارانی ڕێبازم
چیتان قرتاند، پێتان گۆڕا؟
کەنگێ دەچنە ململانێی
ئەو مۆتەکەی دواکەوتوویی
کەنگێ خۆتان تەیاردەکەن
بۆ ئاڵ وگۆڕ، سەربەخۆیی
کەنگێ ئازاری شۆستەکان
دەکەنە بیری تێکڕایی
کەنگێ ئاسۆ تاریکەکان
دەسڕنەوە بەخێرایی
کەنگێ قۆڵ لە قۆڵی یەکدا
دەچنە ناو کۆڕی یەکسانی
کەنگێ ژیرانە و چاوکراوە
دادەنێن ڕوانگەی ئینسانی
ئەوەی وشەی هەڵاواردن
لە فەرهەنگیدا نامێنێ و
بەرابەری لە جێگەیدا

دادەڕێژێ و چاو هەڵدێنێ
ئەو کاتەیە کە ژن و پیاو
دەچنە ناو ژینێکی باشتر
لە گشت بوارەکانی ژینا
سەرمایەداری دەکەن شڕ
هەڵدەکێشن لە ناخەوە
هەرچی چەوسێنەری وانە
دەبووژێنەوە یەکجاری
هەرچی ئاسۆی بەرزی ژیانە
خۆشەویستی لەو قۆناغە
راستەوخۆ و هەڵبژاردنە
ئیتر زۆرەملێ نامێنێ و
گشت یاسا و ڕێساکەی ونە
کاتێك ئەوە بێتە کایە
بنج و بنەوان داڕێژێ
ئاسۆی ڕاستەقینەی هەبێ و
تامی ئازادی بچێژێ
ئامانجی بێگرێ و گۆڵی
ئەمماو ئەگەر بشواتەوە
چاوگەیەکی ڕوون و پاراو
بۆ سەربەستی کۆکاتەوە
ئەوەی کە ناوەرۆکەکەی
ڕزگاری ڕەنجدەری تیایە
لە گژ سەرمایە ڕاچوونە و
سەرڕێژ سەربەرزی هاوتایە
دیارە ئەو ڕێگا بەرینە
تین و هێزی زۆری دەوێ
بێ یەکگرتنی کرێکار

سۆسیالیزم دەست ناکەوێ
بەڵام کاتێك خوڵقێنەران
ئەو دیوارە دابڕێژن
سەرمایە وسەرمایەداری
لە ناخ دەردێنن و دەنێژن
لە جێگایدا بەرابەری
بۆ پیاو و ژن دێتە گۆڕێ
بە پێی کارکردن هەر کەسێك
چەرخی ژینی هەڵدەسوڕێ

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٦-١٢-٣١

# لە گۆشەنیگای جوانیتا

لە لەنجەی کەو ئەچێ لەنجەت کە وا نەرم ونیان ئەیکەی
لە چاوی باز ئەچێ چاوت کە وا تیژ و لە پڕئەیدەی
لە سینە و چاوی دڵدار و ئەویندارانی شەیدای خۆت
بە بێپەروا و بە بێ پەردە، لە ناخی ئێمەدا ئەیخەی
ئەرێ ئەو گۆشە نیگایە، ئەرێ ئەو زولفە تاتایە؟
لە کام باخی تەمەن ڕواون، لە کام دەریای ژیان زاون؟
بڵێ پێم چاوغەزاڵی من، بڵێ پێم ئاسکی کاڵی من
بڵێ پێم ماڵ وحاڵی من، لە بۆ کێت ئاڵق ولوول داون؟
دەڵێ ئەی عاشقی سووتاو، دەڵێ ئەی سینە دابێژراو
ئەوانە ڕازی دڵدارین، ئەوانە شەوچەڵەی یارن
ئەوانە چاوی بینینن، ئەوانە دژ بە پەرژینن
ئەوانە کۆتری سەربەستین، ئەوانە ڕەمزی ئاکارن
ئەگەر پێت خۆشە بیزانی، ئەگەر سەربەستی لێروانی
وەرە تاوێك لە گەڵمابە و وەرە ساتێك لە خەو ڕابە
هەتا پاوان لە کارا بێ و هەڵاواردن لە ئارابێ
مسۆگەر نابێ ئەو بیچمە و لە گەڵتا نابێ ئەو دابە
ئەگەر کۆن تووڕدەی و یەکسەرهەڵێنی دەنگی نوێخوازی
ئەوەی ئازادی تێدایە و ئەوەی ڕزگاری ئینسانە
بە مانای ڕاستەقینەی ئەو، بە واتای ژینی یەکسانی
دەگەینە ئەو پلەی بێژین کە ئەو ئاسۆیە بەشمانە
بەڵام ئاخر لە کام شوێن و لە کام دۆخە دەگونجێ ئەو
هەتا هەڵنەکشێ بیری کۆن، هەتا دانەڕژێ ڕزگاری
لە هەرچی مایەیی کۆنی لە ناخایە و لە بیرایە

لە گشت قۆناخەکانی ژین لە مەڕ دڵخوازی دڵداری
ئەگەر هات و دیاردەی ژان، لە ڕیشە و ناخەوە دەرهات
بە سەر فەرهەنگی کۆمەڵدا چرای یەکسانیبوون هەڵهات
ئەوەی جیاوازی و فەرقە ئیتر هیچ ڕەنگی نامێنێ
لە جێگەیدا بە سەربەستی، ژیان روخساری ئەنوێنێ
لە ئەو کاتەس کە وا مۆمی تەمەن، پاوان دەقرتێنێ
لە ناو ڕێچکەی ژیانیدا، جیهانێ تر دەخوڵقێنێ
بە دڵخوازی لە ئاوێنەی ئەوینی ڕاستەقینەی خۆی
لە بۆ ڕزگاری یەکجاری، بەرەی چاکتر بەدی دێنێ

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٦-١١-٢٤

گوتوویانە گوڵی شادی، لە ساڵی نویٚ لە ژین ئەدویٚ
ئەویستاکە لە زستانا، گوڵی تازە بەهار دێنیٚ
لە چاویلکەی منی زاردا، گوڵی سەربەستی ئەڕوێنیٚ
دە تێفکرە بزانە چۆن، تەلی پێوەند دەخولٚقێنیٚ
وەرە چاوکاڵی ڕوومەت گوڵ کەمێك سۆزی دڵت بێژە
لە بۆ ژاکاو کە داماوە، لە عەتری دیدە هەڵڕێژە
ئەمن یەخسیری زولفی تۆم، ئەمن شێدای نەباتی لێو
ئەمن کوژراوی داوی تۆم، ئەمن گیراوی جووتەی سێو
دە تۆسقاڵێك بدە پێمان، دە نەختاڵێك وەرە ژوانگە
دە سیلەی چاوی بە خومارت لە بۆ دڵدار بکە ڕوانگە
بەڵام خۆ ئاسکی زیندانی لە چوارچێوەی نەریتی کۆن
بەڵام کیژی ڕەوەك، ئێستا کە نابینین، دەراوی روون
لە پێوەندی دڕی کپ بوو، لە بازنەی چەوتی دواکەوتوو
لە شیرازەی حەز و خۆزگەی ئەوینی پڕبەپڕ مردوو
لە بیری خێڵی پاوانا، لە دەروازەی سنوورداری
لە فەرهەنگی وەها کۆڕێك کە لێوڕێژە لە بێزاری
دەبیٚ چۆن بیٚ ژیان کردن، دەبیٚ چۆن بیٚ هەوارگەی دڵ؟
لە بۆ گۆرینی ئەو ژانە و لە بۆ تووڕدانی ناڵە و کوڵ
هەتا ژیرو بوێرانە نەچینە شەڕ لە ئەم بیرە
هەتا هەڵنەکشیٚ ئەو خۆرکە لە ڕیشەی کۆنی باپیرە
مسۆگەرنابیٚ ڕزگاری و نییە ڕەنگی سەرئەفرازی
بە واتای مافی هەڵبژاردن، بە واتای سەربەخۆ خوازی
ئیتر زنجیری کۆیلەتی دەبێتە بڵقی، تێداچوون

ئیتر زۆرەملێ نامێنێ و لە مێژوودا ڕوانگەی ڕوون
لە بۆ یەکسانی داڕشتن، لە بۆ ئازادی بیروڕا
لە بۆ هەڵبژاردنی هاوژین، لە بۆعەشق و حەز و هیوا
کە هات و ئەو گوڵە پشکوت، کە هات و ئەو هەڵە ئەنگوت
کە هات و ئەو مەڵەی دیلە لە دژ زۆردار ڕاسا ڕووت
کە هات و پەرچ و دژ ڕووخا و کە هات و بیری کۆن فەوتا
کە هات و توند و بێپەروا مرۆڤ بۆ مافی خۆی هەستا
چراخانی ڕەزا و ڕەغبەت کەلی ڕوونی ئەوین دێنێ
لە کوێستانی ئەوینداری چرۆی تازەی دڵ ئەڕوێنێ
ئیتر مانای عەشق چیمکوت دەزێتە ناو دڵ و گیانان
لە ناخ و بنکەوە دەمژێ مەم و کۆڵمی حەزی جوانان
کە تێکئاڵان و لێکئاڵان دەبێتە چێژی تێکڕایی
کە دڵپێدان وسۆز وێدان بە ناسین دێ، نە خێرایی

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٧-٢-٢٠

## نەوەکانی هیتلێرکامەن

هۆ بندەستانی گشت جیهان ئاخۆ تا کەی
چاو لە ڕاستییەکان دەپۆشن
هۆ میدیاکانی کەڕ و کوێر
بۆ کام چینە تێدەکۆشن
هۆ پسپۆڕانی چاوکراوە وهۆ شاعیرانی ڕادیکاڵ
هۆ نووسەرانی بوێر وچاونەترساو
پێشڕەوانی ڕۆژانی تاڵ
دیتان کەوا ئەمجارەیە لە ژێر ودمی ئاخوندەکان
هەرچی بەزەیی و ویژدانە لە سەدەی بیست و یەکەمدا
هەمووی دەبێتە بە توێشووی کارەساتێکی بێوێنە
سا تەنانەت نەخۆشخانەش پیت و وشەی ڕق و تۆڵە
بۆ هەڵچوونی خەڵکی ڕەنجدەر دەکاتە بە مستەکۆڵە
لەوێشدا بۆ ژنی زگپڕ چەك و تیرکێشان خەڵاتە
بۆ چاوترساندنی کۆمەڵ لەوێشدا بەزەیی قاتە
مناڵ لە زگی دایکیدا دەبێتە بە پێخۆری چەك
ئەوەیە ئیسلامی ڕەسەن فەرهەنگی کوشتن و کوتەك؟!!
خودای شەڕی ئەو گورگانە کە سی ساڵە خوێن دەڕێژن
بۆمانەوەی تۆسقاڵێ تر، تۆوی نەزانی ئەپێژن
ئێستا لەو گاڵتەجاڕییەی دەوری دووهەمدا کپماون
بۆ فریوی مانەوەیان داوی تازەیان داناون
ئەوانەی کەوتنە ئەو داوە تەنیا ڕۆژڕەشیان بۆ ماوە
کردەوەی ئاخوند دەریخست ئازادی بۆوان ژهراوە

ئەو ژارەی ئیمام خواردییەوە وا جارێ تر نەوەکانی
خەریکن نۆشی گیانی کەن بە کۆمەڵکوژی و زیندانی
بەڵام دەبێ دڵنیابن هەڵچوونی ئەمجارەی کۆمەڵ
دەبێ بە دەریا وبە تۆفان بۆ ڕامالینی گشت گەندەڵ
بە یەکبوونەوەی چۆمەکان دەریای مەنگ ڕادەتەکێنن
بۆ پێچانەوەی زۆرداران، هەل و دەرفەت دەخولقێنن
لە ژێر ئەو شەوەزەنگەدا گشت بزوتنەوەی جەماوەر
بە گشت کەرەسەی تۆقاندن هیتلێرئاسا کەوتۆتە سەر
خەڵکی نارازی ناو شەقام یاخۆ زانکۆ و خوێندکارەکان
دەدەنە بەر گوللە و لێدان، هەرکەس لەلێك بێژێ لەوان
ئێران بە پانایی ئێستای نوقمبووی خوێن و زیندانە
ئینسانییەت سەری بڕاوە و بەربەرییەت ها لە ژیانە
لەو کاروانەی هەڵچوونەدا سەدان نێدای لاو خنکاوە
لەو زەریا مەزهەب ڕێژەدا سەربەستی ژین قفڵ دراوە
ئەوەیە بنچینە و ناخی ڕژێمی کۆنەپەرستی
ئەوەیە کردە و کرداری سی ساڵ مێژووی چەوتی و پەستی
ئەوەیە ئەو دەسەلاتەی ئاخوندیسم دایڕشتووە
ئەوەیە ئەو بنەمایەی وشەی ئازادی کوشتووە
ئەوەیە ئەو ڕێگا و شوێنە کە دژی گشت بیری نوێیە
ئەوەیە ئەو فتوانامەی مەقنەعە و ڕۆژڕەشی پێیە
ئەوەیە ئەو ویلایەتەی کۆیلەتی ژنی تێدایە
ئەوەیە ئەو یاسا نزمەی ژن نیوەی پیاوی پێدرایە
کاتێك گشت بزوتنەوەکان لە سەرتاسەری ئێرانا
بۆ تێکڕووخانی یاسای کۆن یەکانگیر بێنە مەیدانا
ئاسەواری ئەو گەندەڵییە تا لە ڕیشەوە دەرنەیێت
تا هەموو ڕەنجدەری وڵات لەشکری سووری پێك نەیێت
لاچوونی ئەو دیاردە ڕەشە هەر سەرەتان دەخولقێنێ
بۆ بندەستانی ئەو گەلە تۆوی ڕۆژڕەشی دەچێنێ
جا بۆیە پێویستە ئێستا هەرچی چەوساوەی وڵاتە
لە گەڵ چینی کرێکاردا کە قەڵای بەرزی ئاواتە
دەبێ تێکهەڵکێشی یەکبن بۆ توانەوەی چەوسانەوە

کاتێك هاتوو ئەو ڕەوتەیە بوو بە ئاڵقەی یەکانگیری
چەوسێنەران دەفەوتێنێ و ملیان دەخاتە بن نیری
کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی زیت و وریا و تێگەیشتوو
ئەو کاتەیە کە بورکانی هەڵچوونێ تر درەنگ یا زوو
چوارچێوەی ئەو نەزمە کۆنە هەر لە ڕیشەوە دەردێنێ
بۆ دنیای بێچەوسانەوە قۆناخێ تر دەخولقێنێ

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٩-٧-٩

# رۆڵەم بەیان

کچم بەیان ماکی ژینم
ئەستێرە گەشەی ئەوینم
نۆبەرەی پێش ڕاپەڕینی
بۆ دواڕۆژی من پەرژینی
چاوەکەم گوێ بگرە تاوێك
بۆ گەیشتن بە سەرچاوێك
کە چۆن داهاتووت داڕێژی
ورد و ژیرانە داببێژی
لە ڕاستی سڵ نەکەیتەوە
گرێوی ڕاستی ببەیتەوە
هەمیشە لای ڕەنجدەران بی
دژی گشت داگیرکەران بی
بۆ بەرابەری و یەکسانی
لە مافی مرۆڤ بڕوانی
لە کردەوە و لە ئاکاران
لایەنگیر بی بۆ هەژاران
ئەوانەی کە چەوساونەوە
لە ژێر نەداری تواونەوە
تۆش ڕەنجدەر و کرێکاری
لە گەڵ چەوسێنەر نەیاری
چێژتووتە لە بازاری کار
ژانی هەڵاواردن، ئازار
بۆیە دەبێ بێ ڕاڕایی

به چاوکراوەیی و وریایی
هاوچینەکانت بناسی
بۆ دڕدان بە چەوتی وکاسی
لە گەڵ ئەوان یەکانگیربی
بۆ خواست و ویستیان پەیگیربی
تێکڕایی و بە یەك دەنگ و ڕەنگ
بۆ ئامانجتان بە یەك ئاهەنگ
بخەنە گۆڕ هەڵاواردن
بۆ بەرابەری داڕشتن
بە یەکانگیربوونی ئێوە
لەو ڕێڕەوە و لەو چوارچێوە
دەکرێنەوە ڕێبازی ڕوون
هی سەرچاوەی بەرزی بۆچوون
ڕۆڵەم بەیان کچی ژیرم
بیستت بەند بە بەندی بیرم
ئەوەبێ ئاسۆی ڕزگاریت
بۆ چێژی بەرزی هاوکاریت

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٣-٩-٣

# لە تاریکستانی بیردا

ئەوەی ئێستا لە ئارادا و
بۆتە سەرەتانی مەرگی بە کۆمەڵ و
تراژدیای کارەساتی کاولکاری و
سەربرینی چەنگیزئاسای
پیرولاو و ژن و پیاو و منداڵانی ئاوارەبووی
زێدەکانی ناو شەنگال و دەروبەری
لە بەر ئەوەی جۆرێکی تر، دینێکی تر
ناسنامەیە ، بۆ هەر کامێک لە ئەوانەی
کە دەگەڵ ئەو بیرە وشکەی ئەو خوێنمژانە نامۆیە و
لە سەرتاسەر کارنامەیان
مەرگ ئەزێ و خوێن ئەڕژێ
لە هەناوی دیاردەیەکی بەرگ ڕەش و
ئاڵاڕەش ودەروون ڕەشا
خەلافەتی ناو ئیسلامی ئەم چاخەیە سەر هەڵدەدا و
بنەچەکە و ناوەرۆکی سەرەتاکانی ئیسلامە
بە بیسمیللا سەرئەبڕێت و بە وشەی شادەی ئیسلامیش
وچەی بەربەرییەتێکی تۆخ دادەڕێژێ
بۆ هەرکەسێک نایەک بڵێ و لەلێک بێژێ
میدیای جیهان ئاگادارە و باش ئەزانێ
کە ئەو مۆتەکەی مەرگەیە کە داعشە
لە داوێنی سەرمایەداری ئەم سەدە گەرای گرتووە و
لە دایک بوو

ئێستاش بۆتە چەقڵێکی  تیژی دوو سەرە و
بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی گشت ئازادی تاک و کۆمەڵ
نییە لە فەرهەنگی ئەوا
بێجگە لە ئەو بیرە چەوتە، شەوەزەنگە
لێوڕێژکراو لە سەربڕینی بە کۆمەڵ
ئەو خەلافەتە چەپەڵە
میراتگری چاخی بەردە و
ڕەشەکوژی لە ناو ناخی دواکەوتوویدا
جێگیربووە و داڕێژراوە
بۆ بەربەست و تێکڕووخانی ئەو دیاردە کۆنەی مەزهەبە
کە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەڵات و کلکەکانی لە جیهاندا
هاریکار و پاڵەوپشتن بۆ گەشانەوەی ئەم غوددەی سەرەتانە
گەراکانی لە ئێرانی کۆنەپەرستی ئیسلامی و
شێخە نەوتییەکانی ترا هەڵپێچراوە و داڕێژراوە.
هۆ ڕەنجدەرانی گشت جیهان
بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی یەکجاری ئەم سەرەتانە
بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دواکەوتوویی
مەرگەسات و کارەساتی بەربەرییەتی وا تۆخی
ئەو گەرا نزم و پەستانەی هاتوونە ڕوو لەم دەورەیە
شەرتی پێویست
یەکگرتن و ڕاپەڕینی کرێکار و ڕەنجدەرانە!

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٤-٨-٣٠

# تۆ سەمفونیای عەشقێکی بێ کۆتایی

بۆ هاورێ رحمان شافعی

پەخشانە شێعری ئەمجارەم
تاسەباری ئازارێکە
کە بیستنی هەواڵەکەی هێندە سەخت و تاسێنەربوو
کزەی خستە دەروونەوە و
تەمی هاویشتە جەستەم و کاسی کردم
هۆ نیگارکێشی بێوێنە و زەین پاراو
پێنووسەکەت داڕێژەری سەدان نەقش وتەرح و شێوەی
جۆراوجۆری تەبیعەت و جوانییەکان و ژانەکانی
ناوهەناوی ئەم جیهانەی تێدازاوە و
هەر گۆشەیەك لە جێ پەنجەی خوڵقێنەرت
زەریایەك لە جیهانبینی وردبینانەی
بیری تازە و شێوەی تازەی لێچێندراوە
جا هەر بۆیە
هەرگیزا وهەرگیز نامری
لە گەڵمانی و تین و تەوژمی تا سەری
بۆ ڕزگاری و بۆ گەیشتن بە ئازادی بەرابەری
بینای چاوەکانم رەحمان
کاتێك پتر لە دوو دەیە
لە ئازاری بێپسانەوەی دەست و لاقت ورد بینەوە و
لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانت
ڕاوێژ کەین و
لە داهێنان و ڕاهێنانی ڕێبازی
لێوڕێژ لە هونەری جوانی داڕشتنتا
لە خوڵقاندنی دەریایەك لە ڕەنگڕێژی
بێ سنووری وێنەکانتا

بۆ گۆڕان و هێنانەدی جیهانی نوێ
کە لە ئەودا هەڵاواردن جێگەی نەبوو
بەرابەری و یەکسانیخوازی گەشترین خالی مێژووی ژیانت بوو
سەرنج دەین و هەڵوێستە کەین
لە تەمەنی لێوڕێژ لە ئینسانییەت و ڕاستوێژیتدا
دەگەڵ لێکدانەوەی ورد و تیژبینیتدا
کە ئاویتەی پڕبەپڕی خۆشەویستی لە ناخابوو
بۆ هەر ژان و ئازارێکی ڕەنجدەرانی ئەم جیهانە
لە نیگارکێشانەکانتا ئاژنکرابووو
زەڕڕە زەڕڕەی مەینەت و ڕۆژڕەشییەکانی
بەشمەینەت وچەوساوانی وێنە ئەکرد و ئەبینرا
چاوەکانم هاوڕێ رەحمان تۆ نامری
بێگومان تۆ لە مردن زۆر بە هێزتری
تۆ لە ناو دڵی هاوڕیکان و لە ڕێگەی خەباتیان دای
ئەوانەی تۆیان ناسیوە و
ئەوانەی بوێری و سۆز و تین وهێزی
بیرانەوەی تۆیان دیوە و
لە ئاستی چەوسێنەران و داگیرکەران
ورەی بەرز و پشوودرێژی و خۆڕاگری
چەندین ساڵەی تەمەنی تۆیان بینیوە
مسۆگەرە تێگەیشتوون
کە تۆ تاقانە و نموونەی بۆ هەرمان و
بۆ دواڕۆژی تێکۆشانی ئێمەمانان
چاوگەی یەکسانی ناسینی
فێرگەی سەرچاوەی ڕوونمانی
تۆ سەمفونیای عەشقێکی بێکۆتایی
لە ناو دڵی هەمووماننا هەر ئەمێنێ و
چرای ڕێگای سوسیالیزمی دواڕۆژمانی

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٢-٢-٢٣

# بۆ خۆشەویستی تاوانە؟

ئەوەی تاوێك گوێم لێبگرێ
تێدەگا کە ئەم ئازارە
چەندە زامی ئاوەڵایە و
چەن گیرە بۆ ئەم رێبوارە
لە تەمەنی دەساڵیدا
منی ساویلکەی ئەو کاتە
کچۆڵێکی خنجیلانەی هاوتەمەنم
دڵمی ڕاکێشا و بردمی
لە هەواری خۆشەویستی و ئەویندا ریدا شۆردمی
بەڵام ئاخم خۆزیا و داخم
بۆ ئەو ساتەی کەوا ئێمەی تێدا ژیاین
دەورو بەرمان
بست بە بستی پەرژین کرابوو
بە داب و بە نەریتی کۆن
لە چوارچێوەی بیری تەسك قفڵ کرابوو
خۆشەویستی لەو ڕۆژگارە نالەبارەدا تاوان بوو
ئەو هەوارەی هەوەڵ سنووری دڵدارییە
دەرد و ژان بوو
یاخود بە کێشەی وشەی ژان
هەر زیندان بوو

هەرچەند زیندانبوون پێکەوە
ئاواتمان بوو
بەڵام لەو شەوگارە رەشەی ئەو کاتەدا
پێکەوە زیندانبوونەکەش هەر تاوان بوو
هەوێنی ئەو دڵدارییە هەر مایەوە
چرۆشی کرد و هەڵیدا
بوو بە ڕووبار
ڕژایە ناو دەریای ئەڤین
قۆناخ قۆناخ سەریهەڵدا و
لە تەمەنا بیستی پڕکرد
بەڵام هەر خۆزیا و بریا بوو
پێکگەیشتن کێوێکی گەورەی هەڵدێربوو
کە سەدانی وەکوو ئێمەی هەڵداشتبوو
تێکهاڕی بوو
هەرچەند وێنە و تابلۆکانی
داڕێژراوی ئەو ئەڤینە
یەکسەر بوو بە هەوێنی عەشقێکی تەواو
ئارەزۆکانی ئەم کیژە
بێئەوەی بووکی ئازادیی ڕابموسێ
سووتەمەرۆی لێمایەوە
لە چەمی دواکەوتوویيدا
نوقم بووو، نەگەڕایەوە
چرای هیوای ورد و هاژبوو
بە زۆرە ملی لە تاریکایی ئەستووردا
لە ژێر خوڕافە و مەزهەبدا
لە هێرشی ڕۆژگاری ڕەش
بەرلەوەی زاوای زۆرەملێ دەستی لێدا
کوژایەوە

بەڵام  بڵێسەی ئەو ژانە
ئەوندە تەوژمی تیژە
کە ئیستاکەش لە گشت ماسولکەکانمدا
کاتژمێرە و ئەمجووڵێنێ
بۆ ڕزگاری گشت ئەوانەی
بە تاوانی خۆشەویستی
لەم وڵاتە دواکەوتووەدا
تێدائەچن و ئەتوێنەوە!

یۆتێبۆری، سوێد
١٩٩٨-٣-١٢

# مەرگێکی تاڵ

لە ناو ناخی لێکدانەوەی
ژان و برکێکی هەڵقرچاو
بیرم کەوتەوە هەژارێك
لە ماڵە قوڕینەکانی گوندەکەمان
مێشکی سەری کرم تێزاو
لە ئاستی ئەو بێ ئەنوایە
سۆزێك نەبوو
هەتوانڕێژی زامەکانی
ئەو هەژارە بێماڵە کا
گوندەکەمان ئا ئەو کاتە
لێوڕێژ لە هەژار و برسی و
مناڵی ڕووت و ڕەجاڵ بوو
تەنیا ئاغا و حاجئاغایەك
خاوەنی پارە و عانەبوون
مامە ساڵەی ماڵڕماوی ئەم گوندەیەش
هەر کۆڵکێشی ئەم دووانە بوو.
مامە ساڵە
لە قرچە قرچی گەرمادا
لە زستانی سارد و سۆڵا
لە ژێر کۆڵەداری قورس
بە کۆمە کۆم و چەماوە
کۆشکی زوڵمی گەرم دەکرد

ئاوردووی بۆ ژیانیان دەبرد
رۆژێك لە پڕ بوو بە هەرا
جمین هەژار و بێبەشان
دەنگی شەپۆڕ و گریانیان
کێوی پۆڵای دەتواندەوە
دڵی ڕەقی ڕادەتکاند
زامی کۆنی دەژیاندەوە
منی ڕووتەڵەی ئەوکاتەش
ڕووپەڕێك لەو نیگایانە
ئاژینکرانە جەرگمەوە
مامەساڵە لە ژێرکۆڵەدار کەوتبوو
چاوی خزابووە مەرگە و
لە تەوژمی پشووبڕی ئەو ژینە تاڵەدا خەوت
لە نیگا قەتیسماوەکان
ئەسرینی ڕق و بێزاری
لەو مەرگە تاڵە ئەبینرا
کوان وپۆرگی ژانی ژینی
پڕلە وەیشوومەی نەهاتی
ئەو ئاپۆرە ڕەشوڕووتە
لە سەرجستەی کرمخواردووی مامە ساڵە
هەڵئەچنرا
تێکڕا ئاپۆرەی ئەو ژانە
بۆ شەوەزەنگ ئەسڕینەوە
ڕیشاژۆی ڕێبینیان ئەکرد
نەزا و تووك و پاڕانەوە
لەو بەشە تووشەی بژیوە
زامی پتر زامدار ئەکرد
مەرگی پتر تەیار ئەکرد
بۆیە تاك وتووك
ئاپۆرە ژینتاڵەکان
بە تووڕە بوون

لەو پێچاڵە تفتەی ژینە
بانگیان دەدا کە خواکانیش
توێشەبەرەی زۆرداران
کتێبە ئاسمانییەکانیش
ئاخنراوی ویست و هەستی
کرمە مێشکخۆرەکانن
بەشی هەژاریش هەر تەنیا
ڕازیبوون و قەناعەتە
چون قەتماغەی مەرگ و ژانن.

ژاراوێ، کوردستانی عێراق

# فێرگەی ئەوینە مەهاباد

مەهاباد، فیرگەی ئەوینی کۆڵنەدان و تیکۆشانی
بۆ بە هاناچوونەوەدا قەڵای پۆڵای ڕاوەستانی
جا هەربۆیە لە مێژووی خەباتی گەشتا
چاوگەی ئاسۆیەکی ڕوون و سەنگەری لە گیرنەهاتووی
سەرچاوەیەکی زوڵاڵی بوێرانەی نەترسانی
لە ئاستی داگیرکەران وجەنایەتکارانی ئێستا و ڕابردووشت
گلێنەی چاوی بست بە بستی کۆمەڵانی کوردستانی
کانگای هەڵدانەوەی سۆزی پڕبەپڕی
بۆ لە گۆڕنانی گشت داڵدە و نۆکەرانی گوێ لەمستیش
ئاگرەسوورەی توانەوە و ڕامالینی ئاسەواری
دواکەوتویی و کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئێرانی
ئیتر بۆیەش لە شعووری شۆڕشگێریی سنەی بەرزا
ئالقەیەکی لێک هەڵپێک و هاوجەمسەری
هەوێنی ئەو لە ناختدا هاریکارە و هاوپەیمانی
ڕۆژێک دادێ کە ئەو هەوێن و ئەوینەش
ببنە یەک و دەریایەکی ڕاپەڕینی جارێکی کە
بخوڵقێن و بنەمای گشت کۆنەپەرستی سەرمایە
لە ئێرانی ئاخوندیسمی ئیسلامیدا، بنەبڕکەن
لە جێگەیدا جیهانێکی ڕاستەقینەی ئازاد بۆ مرۆڤایەتی
بنیاد نێن و لە ژێر تیشکی ڕابەرانی داهینەر و خوڵقێنەرا
یەکانگیر و ڕێکخراو بن بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە و بۆ یەکسانی

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٥-٥-٢٠

# به كام وشه بەیانی كەم

له سەدەی بیست و یەكەما
ئەوەی تەمی ژانی ژینمه
دیاردەیەكی گەلێ نزمه
شەوەزەنگێكی كتومت
زەریایەكی لێڵ و تاریک
هەورازێكی پشووبڕ
هەڵدێرێكی مەرگەساته
تەلبەندێكی دواكەوتوویی و
بەربەرییەت تێیدا زاوه
تا چاو بڕدەكا هەورازه
تا بیر پێی بگا كپكراوه و
دژی نوێیه
به كام وشه بەیانی كەم
ئەو تاریكستانی بیره
به كام پیته دایبڕێژم
چەندوچۆنی ئەم ئاسۆ ژەنگ پێپژاوه
ئەم سوێگه لێوڕێژكراوەی تەم ومژاو
ئەم دیمەنه ژارڕێژكراوەی
سەردەمی بەرد
كه بەزەیی و دڵزیندوویی ئینسانییەت
له زاتیدا بەدی نایه و كانیاوێكی درۆزنه
كاتێک كه لاپەڕەی مێژوو هەڵدەینەوه و

تۆێژینەوەی ورد و تیژمان
لە گشت لق و پۆپەکانی
هەر چی مەزهەب و دین هەیە
کە ژمارە و پێوانەکەی
لە هەزاران بەرەوژوورە
لە تەمەنی دوور و درێژی هەر هەموویان.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٥-١٢-١٠

## نەوەکانی فاشیزمی نوێ

ئەوەی ئێستا هاتۆتە گەڕ
فاشیزمێکی تۆخ و نزمە و
نەوەکانی ئاتاتورک
لە تورکیەی نازم حیکمە ت
ئەو بیرمندە شۆڕشگێڕە
ئەو شاعیرە چاونەترسە
ئەو کومونیستە پەیگیرە
کە ئاماژەی پێکردووە وپڕبەپڕیش هاتۆتە دی
پاش چەندین ساڵ ڕاستییەکانی کە ئەو کاتیش
ئەو رژێمە نۆکەرێکی گوێ لەمستی ئەمریکا بوو
ئێستاکانیش لە ژێر تەوژمی ئەو شێواز و ئەو قەوارە
داڕزیوە و دواکەوتوانەی
هەر دووک قۆناخ و دەورەکان
هەوسارپچڕاو
هیچ سنوورێک لە تاوانی کاولکەری و
کوشت و بڕ ناناسیت و
هیتلێرئاسا لە کوردستانی خۆڕاگر
ئاور و ئاسن ئەبارێنێ
کۆمەڵکوژی و بەڕبەڕییەتی لێوڕێژی مەزنخوازی دەخولقێنێ
بۆ تۆقاندنی میللەتێکی یەکانگیرو بڕوا پۆلا
لە کوێی نازم؟!
چاوت لێبێ و هونراوەی بەرخۆدان بچڕی و

لە دژی ئەو پاوانخوازی و ملهوڕییانەی فاشیزمەدا
بانگەوازی بەرابەری و یەکانگیری کۆمەڵانی
یەکسانی خوازی تورک وکورد
لە ناسنامەی شێعری نوێتدا
بکەیتە پەیکەرەی زیندووی ڕێبازی ڕوونی ڕزگاری.
هۆ شاعیرانی بە بڕشت
هۆ نووسەرانی شۆڕشگێڕ
هۆ میدیاکانی ڕاستیوێژی بە دەربەست
هۆ جیهانی مرۆڤدۆستی چاونەقووچاو
خۆئەبینن لە بەرچاوی هەمووتانا
چۆن گشت کومەڵگای کوردستان
خانە و لانە و ژینگە و ژینیان
کەوتووەتە بەر هێرشێکی دڕندانە و بێبەزەیی
رژێمی داعشپەروەر و فاشیستەکانی تورکیا.
دەنگ هەڵبڕن
بانگەواز بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی
ئەو مەڵبندە پڕ ئازارە، پڕی ژانە
ئا ئێستاکە مناڵ تەنانت لە زگی دایکیشیدا ئۆقرە ناگرێ و
مەرگ و تیاچوون خەڵاتی شەو و ڕۆژانە.
هۆ ئەوانەی دێموکراسی و مافی مرۆڤی درۆیینەتان
گوێچکەی ئاسمانی ئاخنیوە
کوێر و کەڕن؟!
بۆ نابینن ئەو سێڵاوی کوشتوبڕەی
نەتەوەیەکی ماف خوراو
کە دەیهەوێ وەک ئینسان پێناسە بکرێ
کەچی دەکرێتە نێو زەریایەک مەرگ و خوین.
نفرەت لەو بۆچوونە پەستە و
لەو سنوورە دەست کردەتان
بۆ ژێردەستە هیشتنەوەمان
کە ئازادی و سەربەخۆژین

له ڕژیمی وەها نزم و سەرەڕۆدا
تا ڕوخانی یەکجارەکی نایەتە دی.
خۆشباوەری هەتا کەنگی
بیرکەنەوە و چاوهەڵبڕن
بۆ ڕامالین هەنگاوبنێن و یەکگرن
کۆمەڵانی تێگەیشتوو
ڕەنجدەرانی بیرپاراوی ئەومەڵبندە
کە ژینی هاوبەشتان بۆتە دۆزەخێکی لێوالێوی
قەڵاچۆبوون و شەوەزەنگ
کاتی ئەوەیە ڕاپەڕن
بە تیکڕایی و ژیروژور کەن
ئەو رژیمە توتالیاتار و خوێنمژ و ڕژد و پەستە.

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٦-١-١٤

## ئەوەی دژی کرنۆش ویستا و
## لە پێناوی خۆشەویستی گیانی دانا

لە یادی فادیمە شەهیندال

لە شەوی ئەنگوستەچاوا
کیژێك لە قەفەس ڕەهابوو
خۆی هاویشتە بنارێك و
کۆت و بەندی ژێروژوور کرد
هەر لەوکاتە ئاستەمەدا
داڵاشێکی ئێسك قورس ومێشك بەتاڵ
قەپی کرد بە بیری ئەودا
جومگەی دەستی تێك قرماند و
چەقوی مەرگی خستە گیانی
هێلانەکەی لێ ڕووخاند و
گشت لاپەڕەی خۆزگەکانی
لێ پەڕپەڕ کرد

ئەوە داستانێکی ژانە و
کردەوەی دڕندەیەکی دەمارگرژ و
مێشك پڕی داب ونەریتی دواکەوتووی خێڵەکییە
جەمسەرەکانی گشت دل و هەناویشی
لێواولێو بێبەزەییە
دین ومەزهەب ئاوێتەیە
بۆ ئەوکردارچەپەڵە
کە بەزەیی لە قامووسی بیری ئەودا نایەتەوە و

لە گەڵ هەستی کپی ئەودا هەرنامۆبێ و
بە زۆرە ملێ بیری وشکی داسەپێنێ
تەنیا بە تاوانی ئەوەی
فادیمەکان
دژی ئەو ئاکارە چەوتەی ئەوان بن
کە ڕەهابوون لە قەفەسی پاوانخوازی
ناموسبازی و ناسیونالیزمی پەککەوتەی ئەم سەدەیە
تووڕهەڵدانی هەرچی نەریتی دواکەوتوو و پیاوسالارە

بیری بەرێ و لێکیدەوە
کە ئەم قەڵای مەزنخوازییە
لە کام فەرهەنگی باوك وبرای چاخی بەرددا ئاودراوە
لە کام کیشوەری نەفامیی عەشیرەت و زێدەکاندا
سەرهەڵئەدا و
ژن لە ئەودا بە پێی نووسراوەی قورئان و ئەوانیتر
وەکوو کۆیلە دابەش ئەکا و ئەیانخاتە
ژێرمەنگەنەی زاراوەیەکی زۆرنزم و
ئێش و ژانیان پێ ئەچێژێ و
بە تاوانی خۆشەویستیش تیدائەچن
جا نەك هەر ئەو مێشکە پووچە گەندەڵانە
سەرمایەداریش ژن هەر وەکوو کالا دەبینێ
بیری بەرێ و ورد بیزانە
هۆ ئەوانەی لە ژینتاندا
کەندوکۆسپی زۆرتان دیوە
هۆ ئەوانەی بۆ ئازادی
ڕچەی سەختتان بڕیوە
هۆ ئەوانەی بڕوا و بیرتان
دژی زوڵم وزۆر و ژانە
هۆ ئەوانەی دەرگای دڵتان
لێواولێوە لە متمانە
هۆ ئەوانەی بیر و هۆشتان

کراوەیە وگەش ئەبینن
هۆ ئەوانەی بۆ گشت لاس و خەزاڵەکان بە پەرۆشن
هۆ ئەوانەی بۆ فادیمە
بۆ هاناکان و لەیلاکان
دڵتان پڕ ژان و ئازارە
گوێم لێبگرن
ئاسمانی ئەمجارەی شێعرم
ئازارێکی یەکجار قووڵە و
کۆستێکی یەکجار پڕ ژانە
بێ ڕووخانی ئەم جیهانە دووبەشکراوە
ئەم دیاردە ڕەشەی ئازارە
نابڕێتەوە و بنی نایە
دڵی شێعرم تاسەبارە
بۆ ئازارێکی بێ سنوور
با پێکەوە ئێمەی ڕەنجدەر یەکانگیربین
بۆ تێکدانی ئەم جیهانی زۆرداریيە و
بۆ دانانی دنیایەك بێ هەڵاواردن
بەدوور لە چەوسانەوە و زۆر
دنیای یەکسان بۆ گشت ئینسان!

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٢-١-٢٧

## به وردی و پڕبەپڕ

لە کیسەی هیممەتت هێندێک بڕێژە
ئەگەر تێیدایە ڕاستیم پێ ببێژە
دەمێکە چوومە ئاستێکی کراوە
گەلێکم گوتوە، نووسیوە، لەمێژە
بە وردی و پڕبەپڕ خستۆومە بەرچاو
ئەوە چیرۆکێ پڕ پێچ ودرێژە
دەیان پسپۆر و زانستی بەپێزیش
لە بۆ دۆزینەوەی ئەم تام و چێژە
لە قوولایی بواریی پێگەیشتن
لە ناخی ئەو گەیشتوون، پووچە گێژە
لە ئینجیل و لە تەورات و لە قورعان
هەتا بیر بردەکا هەڵدێرە لێژە
هەمووخوڵقاوی ئینسانن لە ئەسڵا
ئیترئەو ئاوی ترسانە بڕێژە

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠١٣-١٢-١٤

# وتووێژ لە گەڵ رۆژگاردا

وتم رۆژگار گویم بۆ ئەگری
وتی چیت ماوە پێم بێژی
وتم گیرێک لە دڵمایە
وتی باشە هەڵیرێژی
وتم ئاخر هێندە قورسە
ناوێرم لات بدرکێنم
وتی من دەمم ناجوولێ
بەڵێنی بێ تا بمێنم
وتم زۆر جار وادەت داوە
بەڵام نەتبردۆتە سەرێ
وتی تۆش سا ماڵت ڕمێ
نهێنیت بۆ دەچتە دەرێ
وتم ڕاست دەکەی ئاوایە
دار هۆرەی هەر لە خۆی ڕایە
وتی خۆش بێ دەمت، سەدجار
وتەی حەق جێی لە دڵ دایە
وتم ئێستا ڕازی دڵمت
نەختاڵێک بۆ دەکەمەوە
وتی بەڵام تێبینیت بێ
پێت وانەبێ دژ خەوتووە
وتم ئەو تێبینیانەی تۆ
چاوگەی ژینی دوارۆژم بن
وتی زۆر ئاوی تێ مەکە

نەک بەپێچەوانە دەرچن
وتم سا مەترسیت نەبێ
ئەوەی من دەیڵێم ئاسانە
وتی چیتر کێشی مەدە
زیروبەمی ئەو دەورانە
وتم ئاخۆ تۆ بیستووتە
شەڕی دژی ڕەشەکوژی
وتی دەگەڵ ئەمریکاتە
ماکەی شەڕی هەژارکوژی
وتم باش لە خاڵت داوە
سا بیروبۆچوونت چۆنە؟
وتی تا بیری کۆن مابێ
کەف زۆر دەکا ئەم سابوونە
وتم لە ئەفغانستانا
دیتت چی کرد ئەو زۆردارە
وتی بۆقازانجی خۆی بوو
کوشتوبڕی ئەو دیارە
وتم ئێستا لە عێراقا
چی دەوێ دارێژێ و بکا
وتی لە رۆژڕەشی زیاتر
کەی شتێکی تر لەوان تکا؟!!
وتم لە مەر ”سی ئای ئەی” و
مام مووسادا چیت لەبەرە
وتی دەخیلت بم خاڵە
باسکردنی قەسدەسەرە
وتم خۆ ماکەی رۆژڕەشی و
ماڵکاولبوون لەوان ڕایە
وتی ڕاست دەکەی فەلەستین
باشترین بەڵگەی ئەوەی تیایە
وتم جا ڕێگاچارەمان
بۆ رزگاری لەچی دایە

وتی خۆت چاتر دەزانی
تێکەولێکەی ئەم ڕێگایە
وتم پێم ناڵێی کام توێژە
رزگاری یەکجاری دێنێ
وتی تەنیا کرێکارە
نەزمێکی نوێ دەخوڵقێنێ!

یۆتێبوری، سوێد
٢١-١١-٢٠٠٢

# دەنگی زەنگی خۆشەویستی

بەهار بۆیە خۆشەویستە
چوونکە ژیانی تازەی پێیە
بولبول بۆیە دەچریکێنێ
چون بۆ شەونم چاوەڕێیە
بەڵام کاتێک ئاونگ کەوت
بولبول هەر لە خەوتن دایە
بۆیە بێ بڕانەوە تا سەر
عەشق کۆتایی پێ نایە
هەتاو و خۆر وزەبەخشی
گەرم وگوڕی بووژانەوەن
گەشبینی و لێکدانەوەی ورد
بۆ دیشواری کرانەوەن
دەنگی زەنگی خۆشەویستی
لە خوێن و لەشما چاندراوە
تاکوو لە لێدان نەکەون
دێن ودەچن لە سەرچاوە
ژین بێ ئەوین بێ مانایە
حورمەتی مرۆڤ لەو دایە
هەر دڵێک ئەو چێژەی نەبێ
زیندووش بێ هەر بێ نەوایە
چاوێک عەشقی تێدا زابێ
خوناوەی وردبینی تیایە
کەسێک لەم ڕازە تێدەگا

دڵی دابێ بەم ڕێگایە
مناڵێک سەربەستی نەبێ
بۆ گەشەی فیکر و زانیاری
لە کاروانی پێشکەوتندا
سەرناکەوێ کاروباری
وانەی فێرکردن وبارهێنان
بۆ دوارۆژی ڕوون بنەمان
بۆ کرانەوەی بیرێکی وا
بنکەی بەرەی زیت و وریان
مناڵی هەرکۆمەڵگایەک
زۆرەملێ بێت بارهێنانی
ئەویش بە خورافە ومەزهەب
زۆر زەحمەتە دەرەتانی
کۆمەڵگایەکی کراوە
گەشەکردوو و پێشکەوتنخواز
ڕاهێنانی ئازادانە
دەبێ بکاتە بە ڕێباز
لە کۆمەڵگایەکی وا دا
مناڵ و تازەلاوانی
بەربەست ئەکەن تاریکایی
هەنگاو دەنێن بۆ یە کسانی
بەڵام دونیایەکی ئاوا
نە هێندە ئاسان و سووکە
بۆ یەکسانی و بەرابەری
زۆر هەڵدەگرێ ئەو پەڕتووکە

یۆتێبۆری، سوێد
٢٠٠٣-٣-٥